

نوسینی: کوڕی قیامەت
وەڵامی
60
گومان

❋❋❋

ماوە یەکی کورت و کاتی لێرە یت

بەخێرای بارگەو بنەت دە پێچیتەوە و دە ڕۆیت

ئایا چیت کردوە بۆ ئیسلام؟

ئاگاداریت ئەمڕۆ لەهەموو لایەکەوە

تیربارانی ئیسلام دە کرێت؟

مەگەر تۆ بۆ حەوانەوە لێرە یت!

کە ناتوانیت وە ڵامێکت هەبێت بۆ ئەو هەموو

هێرش و ناشیرین کردنەی ئیسلام؟

❋❋❋

# پێشەکی

## بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

### الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه. أما بعد:

**سەرەتا سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانەکان توانیم ئەم نوسینە بەکۆتایی بگەیەنم لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆمەڵێک نوسینی کورتم بڵاوکردەوە لەژێر ناوی( بەکورتی و پوختی ) کە وەڵامی چەند گومانێک بوو , دوای پێشنیاری چەند موسڵمانێک بڕیارم دا لەژێر ناوی ( وەڵامی ٦٠ گومان) ئەم کتێبە بنوسم .. جێگای ئاماژەیە لەم کتێبەدا وەڵامی ٦٠ گومانم داوەتەوە بەشێوەیەک کە خوێنەر لەهەرئاستێکدابێت زۆر بەئاسانی لێی تێبگات , وەڵامەکانم زیاتر بۆ گەنجانە چونکە لە ئێستادا فیتنەی گومانەکان کە لەلایەن مولحیدان و بێدینانەوە دەوروژێندرێت یەکێکە لە فیتنە هەرە گەورەکان کە ڕوبەڕوی کۆمەڵگای موسڵمانان و بەتایبەتی گەنجان بوەتەوە..**

**وەڵامی ئەم گومانانەی لێرەدا ئاماژەم پێداوە پێم وایە زۆرترین جار وروژێنراون و کۆمەڵێک پرسیاری باون کەڕوبەڕوی گەنجان دەکرێنەوە ئەمە زیاتر وای کرد لەم نوسینەمدا کۆیان بکەمەوە و بیخەمە بەر دیدی خوێنەران. خێراترین ڕێگا بۆ بەلاڕێدابردنی گەنجان و لەقکردنی ئیمانەکەیان لە ئێستادا کە نەیارانی کۆمەڵگەی موسڵمان بەکاری دەهێنن بەتایبەتی دژی گەنجان بریتین لە ( فیتنەی گومان – فیتنەی شەهەوات ). بەڕاستی زۆر بەگرنگی دەزانم مامۆستایان و بانگخوازان کتێب و ووتار و کۆڕ و سیمینار و چالاکیەکانیان لەم دوو فیتنەیەدا چڕبکەنەوە و بە گرنگیەوە کاری لەسەربکەن.**

**لەپەروەردگارم داواکارم لەهەرهەڵەو کەم و کوڕیەکم خۆشبێت , بێگومان هیچ نوسینێک بێ هەڵەو کەم و کوڕی نیە جگە لە کتێبەکەی الله (قورئان). داواکارم هەر هەڵەو نادروستیەکتان بینی ئاگادارم بکەنەوە.**

**هەرخوشک و برایەک ویستی هاوکاری کردنی هەبوو لە بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە پەیوەندیم پێوەبکات**

# گومانی (١)

## بۆچی پێغەمبەرمانﷺ لەخاکی عەرەبستانەوە دەرکەوت؟ بۆچی لەشوێن و جوگرافیا دیاریکراوە پەیامی بۆهات؟بۆچی لە شوێنێکی تر و لە جێگەیەکی ترەوە پەیامی بۆنەهاتە خوارەوە؟

***

## وەڵــام

**ئەگەر لە خاکی یۆنانەوە بهاتایە / دەیانوت محمد - علیەسلام شتێکی تازەی نەهێناوە ، چونکە پێش محمد ( ئەفلاتون - ئەرستۆ - سوقرات - دەیان فەیلەسوفی تر) خاوەنی هزر بوون وئەویش لەوانی داتاشیوە.**

**ئەگەر لە خاکی فەلەستینەوە پەیامەکەی بهێنایە، دەیانوت : هیچ گرنگ نیە چونکە ئەوە خاکی پێغەمبەرانە و پێش ئەو عیسا و موسا و داود و ئەوانی تر لەوێوە هاتون و محمدیشﷺ لەوانەوە دینەکەی داتاشیوە.**

**ئەگەر لە فارسەوە بهاتایە : بەهەمان شێوە دەیانوت گرنگ نیە چونکە دەیان فەیلەسوفی وەک ( زەردەشت و یەزگورد و ئەنەشیروان ...) لەوناوچەیەدا بونیان هەبووە..**

**ئەگەر لە خاکی چین و شوێنەکانی ترەوە بهاتایە بەهەمان شێوە سەدان گومانیان دروست دەکرد کە کۆنفۆشیۆس و بوزایش خاوەنی بیردۆز و ئەفکار و سیستەم و دەسەڵات بوون**

**ئەگەر سەیربکەین لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ لە خاکێکی دواکەوتوی وەک عەرەبستانەوە هاتووە بەڵام زۆرترین ڕەخنەو گومان دروست دەکرێت لەسەر پەیامەکەی گوایە خوێندەواری هەبوە و لای ئەم و ئەو خوێندویەتی و فێرکراوە! هاتنی پەیامبەرمان لەو ناوچە دیاریکراوەدا لادانی هەموو تەم و مژەکانە لەسەر ڕاستیەتی پەیامی ئیسلام.**

# گومانی (٢)

## ئایا پێغەمبەرمانﷺ ئافرەتانی بە ناقس و کەم عەقڵ ناوبردوە؟؟

***

## وەڵــام

**پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: " ما رأيت من ناقصات عقل ودين أغلب للب الرجل الحازم من إحداكن ! فقيل يا رسول الله: ما نقصان عقلها ؟ قال: أليس شهادة المرأتين بشهادة رجل ؟ قيل: يا رسول الله: ما نقصان دينها ؟ قال: أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم "**

**واتە: نەم بینیوە کەم عەقڵ و کەم دینی وەکو ئێوە کە هۆشی پیاوی کارامە لە سەر ببات ! وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشە کەم عەقڵی ئافرەتان لە چیدایە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: باشە شایەتی دانی دوو ئافرەت بەرانبەر بە شایەتی دانی یەك پیاو نیە ؟ وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەم دینی ئافرەتان لە چیدایە ؟ فەرمووی: باشە ئەگەر کەوتە ناو بێنوێژیەوە واز لە نوێژ و ڕۆژو ناهێنێت ؟**

**فەرموودەکە باسی دووناقسی دەکات**

**١- ناقصاتی دین : ئەمە ڕوونە کە ئافرەت کەوتە ناو بێ نوێژی واز لەنوێژ و ڕۆژوو و ئەرکە دینیەکانی دەهێنێت و هیچی لەسەر نیە بەپێچەوانەی پیاوان کە ئەمە زۆر ڕونە و هیچ ئیشکالێک هەڵناگرێت.**

**!٢- ناقصاتی ئەقڵ : ئەگەر ئەم فەرموودە بەووردی سەیربکەین ئەم کەمی و نوقسانیەی بۆ کەباسکراوە زیاتر بۆ پیاوانە نەک ئافرەتان چونکە دەفەرمووێت : أغلب للب الرجل الحازم ، واتە پیاوێکی سەرکردەو پیاو بەواتای پیاوێک کە قسەی یەکلایی بێت، ئافرەتان دەتوانن هۆش و ئەقڵی ئەوپیاوە حازم و بەتوانایە ببەن.**

**کەواتە ئەگەر ئافرەتان کەم ئەقڵبن چۆن دەتوانن ئەقڵ و هۆشی کامڵترین و لێهاتووترین پیاوی خاوەن شەهادە و سوڵتە و دەسەڵات بەرن و حورمەت و شەخسیەت و کەسایەتی لەکەداربکەن.**

**یان بەپێچەوانەوە بیانکەن بە خاوەنی حورمەت و شەخسیەت؟ کەواتە پێغەمبەرمحمد ﷺ بەچاوێکی وردتر سەیری ئافرەتانی کردوە کە ئافرەتان ئەساس و بنچینەی کۆمەڵگەن کەئافرەتان خراپ بوون پەروەردە و پێگە و بونیاتی کۆمەڵگە دەکەوێتە خەتەریات و ڕوخان و هەڵوەشانەوە.**

***

---

# گومانی (٣)

## ئایا خۆر(ڕۆژ) دەچێتە ژێر عەرش و سوجدەدەبات؟؟

***

## وەڵــام

دەقی فەرموودەکە: عَنْ أَبِي ذَرّ رَضِيَ اللَّه عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِأَبِي ذَرّ حِين غَرَبَتْ الشَّمْس "أَتَدْرِي أَيْنَ تَذْهَب؟ "قُلْت اللَّه وَرَسُوله أَعْلَم قَالَ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ" فَإِنَّهَا تَذْهَب حَتَّى تَسْجُد تَحْت الْعَرْش فَتَسْتَأْذِن فَيُؤْذَن لَهَا وَيُوشِك أَنْ تَسْجُد فَلَا يُقْبَل مِنْهَا وَتَسْتَأْذِن فَلَا يُؤْذَن لَهَا وَيُقَال لَهَا اِرْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْت فَتَطْلُع مِنْ مَغْرِبهَا فَذَلِكَ قَوْله تَعَالَى: {وَالشَّمْس تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِير الْعَزِيز الْعَلِيم"}

واتە: ((کاتی خۆرئاوا بوون بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبی ذەری فەرموو: ئایا دەزانی خۆر بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەبی ذەریش فەرمووی: خودا و پێغەمبەرەکەی دەزانن. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: خۆر دەڕوات هەتا دەچێتە ژێر عەرش، جا داوای مۆڵەت دەکات و مۆڵەتی پێ دەدرێت، خەریکە کڕنۆش ببات و لێی قبووڵناکرێت و داوای مۆڵەت دەکات مۆڵەتی پێ نادرێت، و پێی دەوترێت بگەڕێرەوە، [واتە بە ئاراستەی پێچەوانە] بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتووی واتە لە خۆرئاوا خۆر هەڵدێت

لەئاینی ئیسلامدا هەندێک پەرستش هەن کە هەمان حوکمی نوێژ و عیبادەتی هەیە یەکێک لەو حاڵەتانە , کاتێک دەچینە مزگەوت پێش دانیشتن دووڕکات نوێژی سڵاوکردن دەکەین..

یەکێکی تر لەحاڵەتەکان , سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا لە کاتی ئەنجامدانی حەج و عەمرە هەمان حوکم و عیبادەتی نوێژکردنی هەیە.

کەواتە سوڕانەوە و ڕۆشتنی زەوی لەسەرخولگەکەی خۆی نوێژ و عیبادەت کردنە و هەموو ئەو هەسارانەی لەئاسماندان کاتێک جوڵەدەکەن و دەسوڕێنەوە , نوێژ و زیکر و عیبادەتی پەروەردگاردەکەن, جیالەوە سیستەمی زەوی و بونەوەر ڕێکدەخەن بەفەرمانی ئیلاهی.

---

# گومانی (٤)

## ئایا ئیسلام تۆقێنەر و بوکوژ و خوێنڕێژە ؟؟

***

## وەڵــام

**تەنها ئەمریکا وەک نمونە دەهێنینەوە  چـی کرد ؟**

**ئایا بۆچی کوشتن و بڕینەکانی ئەمریکا کراوە بەژێر لێوەوە و باسی ناکرێت؟؟**

**١- کوشتنی ٢٠ ملێۆن ئەفریقی .**

**٢- ئەمریکا یەکەم دەوڵەتە چەکی ناوەکی(کۆمەڵکوژ )ی بەکارهێنابێت.**

**٣-  کوشتنی ٨٠ هەزار سفیل لە ( هێرۆشیما و ناکازاکی).**

**٤- ساڵی ١٩٥١ زیاتر لە سێ ملێۆن کۆری بەدەستی ئەمریکیەکان تیاچوون**

**٥- لە ڤێتنام لەساڵی ( ١٩٦٤-١٩٧٣ ) چوار ملێۆن خەڵکی کوشت لەخاکی خۆیان و لە ماڵی خۆیان کە بەگەورەترین شەڕی کۆمەڵ کوژی دادەنرێت لە جیهان.**

**٦-  لە ساڵی ١٩٤٨- ١٩٦٧ گەورەترین قەسابخانەی سازدا بۆ موسڵمانان لە ( بحربقر و قانا ).**
**٧- بە نهێنی چەکی کۆکوژی دا بە ( میلۆسۆڤیچ ) کە بەهەزاران موسڵمانی لەخاکی کۆسۆڤۆ شەهیدکرد کە لەدنیادا ئەم چەکە غەدەقەکراوە وئەمریکاخۆی دانی نا بەوەی تا یەک ملیار ساڵی تر کاریگەری دەبێت.**

**٨- جا باسی خاکی عێراق و شەڕی فەلوجە و ئەڤغانستان  ناکەین لەگەڵ سوریا کە ملێۆنان تێدەپەڕێنێت.**

**ئێستا تەنها ئەمریکامان بەنمونە هێنایەوە ئەگەر هەموو وڵاتانی کوفر و غەیرە ئیسلام بهێنین و داتاکانی کوشتن و جەنگەکانیان وەربگرین دەبێ کێ ڕووی ئەوەی هەبێت باسی جەنگ و توندوتیژی ئیسلام بکات!**

# گومانی (٥)

## بۆچی قورئان لە مەکە و یەثریب (مەدینە) هاتە خوار؟

## بۆچی ئاینی ئیسلام لە شوێنێکی تر و لەناو قەومێکی تر نەهات ؟؟

***

## وەڵـام

**١- ئیسلام لە نێوانی دوو ئیمپڕاتۆریەتی گەورەداهاتەخوار کە ( ڕۆم - فارس ) بوو**

**واتە بۆ دواکەوتوترین قەوم کە عەرەب بوو هاتە خوارەوە لەو نێوەندەدا.**

**٢- ئەگەر ئیسلام لە ناو فارس یان ڕۆم بهاتایە دەیانوت : جا ئەوان خۆیان خاوەنی حەضارەت و پێشکەوتن بوون بۆیە لەنێوان ئەو دوو ئیمپڕاتۆڕە هاتەخوارەوە تا ببێتە موعجیزە و چۆکیان پێدابدات.**

**٣- هۆکارێکێ گرنگی تر تاخوای گەورە بۆمان بسەلمێنێت کە ئەم پەیامە ئاسمانیە لە شوێنێکی بیابان و دواکەوتوو و ڕووخاوی وەک عەرەبستان کە کچانیان زیندەبەچاڵ دەکرد و ڕۆچووبوون لە فەساد و دواکەوتووی**

**ئەم پەیامە گەشەی کرد و ئێستە گەیشتوەتە هەموو شوێنەکانی جیهان لەناو ( فەرەنسا - بەریتانیا- ئەڵمانیا – ئەمریکا - هەموو وڵاتە ئەوروپیەکان ) موسڵمان لەگەشەکردندایە.**

***

---

# گومانی (٦)

## خودا نوسیویەتی لەسەرم کە من نوێژنەکەر بم

## نوسیویەتی کە من فلان ڕۆژ دزی دەکەم و فلان کەس دەکوژم ؟

## کەوایە بۆچی سزام دەدات ... ؟؟؟

***

## وەڵـام

**بۆ زانیاریت خودا لە (لوح المحفوض) پێش ئەوەی لەدایک بیت هەموو کارەکانتی نوسیوە وەنوسیویەتی  کە تۆ دۆزەخی یان بەهەشتی!**

**ئەمە بۆچی ؟چونکە خودا عیلمی تەواو و زانیاری تەواوی هەیە کە تۆ لەژیانتدا چی دەکەیت ! و چی ناکەیت ئەوەش تایبەتمەندی خودایە کە عالمە بەهەموو شتەکان.**

**خودا بەهیچ جۆرێک تۆی وا دروست نەکردوە کە ئەو گوناهە بکەیت یان ئەو خێرە بکەیت یان ڕێگای ڕاست یان ڕێگای هەڵە بگریت بەڵکو خودا بەئازادی دروستی کردویت**

**کەواتە  عیلمی خودا جیابکەرەوە لەگەڵ ئیجبارکردن و بەزۆرپێکردنی کارێک**

**خودا دەزانێـت (عیلمی بێسنور)ی پێیە کەتۆ ئەو دزیە دەکەیت یان کەسێکی بکوژیت یان نوێژناکەیت یان خراپەکاریت یان چاکەکار بەڵام بە زۆر پێتی ناکات بەڵکو بەئازادی خۆتە**

**هەر بۆیە دەنوسێت ئەم کەسە چی دەکات و چی ناکات - دۆزەخیە یان بەهەشتی.**

**بە نمونەیەک ڕونتری دەکەمەوە..**

**تۆ پێش بانگی ئێوارە لای خۆت دەنوسیت ئیوارە بانگ دەدات بەڵێ کاتێک ئێوارە هات بانگ دەات ئایا بە هۆی نوسینەکەی تۆوە بوو؟ یان زانیاریت هەبوو؟ بێگومان زانیاریت هەبوو هەربۆیە هەموو ئەو شتانەی کە خودا لەسەرمانی نوسیوە بەهۆکاری عیلمەکەیەوەیە نەک بە زۆر پێی کردبین.**

# گومانی (٧)

## خودا دەزانێت من لەداهاتوودا خراپە ئەکەم یان کەسێک دەکوژم یان نوێژ ناکەم , یان هەر خراپەیەکی تر دەکەم بۆچــی ڕێگەم پێدەدات ؟؟؟

## بۆچــی وام لێناکات چاکە بکەم ؟؟

***

## وەڵـام

خودا فریشتەی دروستکرد کە هەرگیز تاوان ناکەن ئاژەڵی دروستکرد کە تاوان ناکەن

جنۆکەو مرۆڤ / خودا جیاواز لە فریشتە و ئاژەڵ , مرۆڤ و جنۆکەی به ئازادی دروست کردوە و لێپرسینەوەیان لێدەکات.

دێینە سەر پرسیارەکە بۆچی خودا بەچاکەکار مرۆڤی دروست نەکرد؟

وەڵام/ خودا ئەم جۆرە مەخلوقەی پێشتر دروست کردوە کە فریشتەن

بۆیە مرۆڤی بەسەرپشککردن دروست کرد واتە بە ئازادی. سەیرکەن : مرۆڤ ئەگەر بیەوێت سود لەو ئازادیەی وەردەگرێت و بەکاری چاکە پلەی لەفریشتەکان بەرزتردەکاتەوە

وە ئەگەر نەشیەوێت ئەوە لە ئاژەڵ کەمتردەبێتەوە کەواتە عاقڵەکان قەت گلەیی ئەوەناکەن بۆچی وەک فریشتە دروستی نەکردوین بەچاکەکار! چونکە کەسێک خۆی بیەوێ لای خوا لەفریشتەکان پلەو پایە و مەنزیلەتی بەرزتردەبێتەوە.

ئەوەشتان بیرنەچێ خودا لە قورئاندا فەرموویەتی /وَلَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَائِكَةً فِي الْأَرْضِ يَخْلُفُونَ*الزخرف٦٠ واتە:(( ئەگەر بمانویستایە ئێوەمان دەکردە فریشتە ولە زەویدا نیشتەجێمان دەکردن و هەموو فەرمانبەردار دەبوون(چاکەکاردەبوون))

***

---

# گومانی (٨)

## بۆچی تاکە مەخلوق مرۆڤ بوو کە خودا بەم تاقیکردنەوە گەورەیە تاقی دەکاتەوە و دواتر بەهەشت و دۆزەخی بۆداناوە ؟؟؟

## بۆچی مەلائیکە و ماباقی مەخلوقاتەکانی تر خودا بەم شێوە تاقی نەکردنەوە؟؟؟

***

## وەڵـام

**وەڵام : چونکە خوای گەورە هەموو مەخلوقاتی کۆکردەوە تەنانەت پشتاو پشتی ئادەمی کۆکردەوە وە هەروەها شاخ و ئاسمان و مەلائیکەت و هەموو بونەوارانی تر خوای گەورە ئەم ئەمانەتەی سپارد بە هەموویان بەڵام هەموویان ووتیان خوایە پاک و بێگەردی بۆتۆ ئێمە ناتوانین ئەم ئەمانەتە هەڵبگرین تا کۆتاجار نەوەی ئادەم ئەم ئەمانەتەی خستەسەرشانی خۆی!**

**واتە تۆ بەخواستی خۆت هاتویتە سەرزەوی و ئەم تاقیکردنەوەت قبوڵ کردوە!**

**ڕەنگە ئێستە بپرسیت نەخێر کوا من شتی وام لەبیر نییە؟!**

**بەڵام تۆ ئێستە لە تاقیکردنەوەدایت بۆیە خودا ئەوبەشەی لەزاکیرەی تۆ دەرهێنا کاتێک هاتینە سەر زەوی کاتێک دەمریت ئەوکات بیرت دەکەوێتەوە.**

**ڕەنگە بپرسیت ؟ بۆچی خودا لەبیرمی بردوەتەوە کە پێشتر من پرسم پێکراوە!**

**ئازیزم یاسای تاقیکردنەوە وایە کاتێک شتێکت بیرچویەوە مامۆستا نایەت لە کاتی تاقیکردنەوە پێت بڵێتەوە و بیرت بخاتەوە چونکە تۆلە تاقیکردنەوەدایت.**

**بەڵگەی ئایەت | الأعراف١٧٢ - الحشر ٢١**

**بەڵگەی فەرموودە | صحيح ينضر حديث رقم -١٧٠١في صحيح الجامع**

***

# گومانی (٩)

## ئامانج لە دروست کردنی مرۆڤایەتی و ئەم ژیانە چیە؟؟

***

## وەڵـام

خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی الزمر ئایەتی٦٢ دەفەرمووێت (( خوا بەدیهێنەری هەمووشتێکە * هەر ئەویش سەرپەرشتیار و پارێزەری هەمووشتێکە))

خودا دروستکەرە واتە - الخالق – ە , کاتێک بە کەسێک دەوترێت نوسەر کە کتێب و نوسینی هەبێت.

واتە پێی دەڵێن کە تۆ نوسەریت فەرموو پێمان بڵێت کوابەرهەمەکانت؟

یان دارتاشێک پێی دەوترێت دارتاش کە دروستکراوەکانی ببینرێت.

خوای گەورەش یەکێک لە سیفەتەکانی ( دروستکەرە) کەواتە دەبێت دروستکراوی هەبێت.

ئەوەشمان بیرنەچێت دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ هەمووی سنوردارە و لە ماددەیەکەوە یان لەشتێکەوەیە کە بنەمای هەیە دەنا ناتوانێت دروستکەر بێت

بۆ نمونە کاتێک بزمار دروستدەکات پێویستی بە مادەی کانزاییە واتە لەبنەڕەتدا هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ توانای خوا بەڵام خودا لە نەبوونەوە دروستی کردوە.

کەواتە لێرەدا یەکێک لە گەورەترین سیفەتەکانی خودامان بۆدەرکەوت کەبریتیە لە دروستکردن.

***

---

# گومانی (١٠)

## بۆچی خودا یەکێک هەژار و یەکێکی تر دەوڵەمەند دەکات، ئەگەر دادپەروەرە؟؟

***

### وەڵـام

خوای گەورە لە قورئاندا لەسورەتی العنکبوت ئایەتی ٢ دەفەرمووێت ( ئایا خەڵکی وادەزانن ، وازیان لێدەهێنرێت و پشتگوێ دەخرێن کەبڵێن ئیمان و باوەڕمان هێناوە، لەکاتێکدا ئەوان تاقینەکرێنەوە و توشی سزا و ئازار نەکرێن؟؟

چەندخاڵێک بە کورتی و پوختی دەخەمە بەرچاوتان کە بۆچی یەکێ هەژار و یەکێ دەوڵەمەندە ؟؟

* ئایا ئەگەر مامۆستایەک لە تاقیکردنەوەدا هەموو پرسیارەکانی ئاسان و سادەبێت ، ئاقڵیە قوتابیەکان گلەیی بکەن و بڵێن: بۆچی پرسیارەکان ئاسانن؟

* ئەی نازانن هەژارەکان حساب وکتابی قیامەتیان ئاسانترە بۆ چونە بەهەشت لە حسابی دەوڵەمەندەکان؟وەک لە فەرموودەداهاتووە.

* ئەگەر هەموو دەوڵەمەند بوونایە ئایا ئەمە تاقیکردنەوەی پێدەوترێت یان هەموو هەژار بوونایە؟

* ئەگەر هەموو دەوڵەمەند بوونایە ئەوکات زەکات چ واتایەکی دەبوو؟

* هەموودەوڵەمەند بوونایە ئیدی گەورەیی وبەخشین و یارمەتی لەچی دابوو؟

* دەوڵەمەندی یەکێکە لەو تاقیکردنەوانەی کە خودا توشی مرۆڤی دەکات.

* کەسی دەوڵەمەند ئەگەر نیعمەتەکانی خواکەپێی بەخشیوە لە ڕێی خوا و بەشێوازی دروست بەکار نەهێنێت ئەوا ڕێژەی دەرنەچونی لە تاقیکردنەوەکەدا بەرزدەبێت.

# گومانی (١١)

## بۆچی هەموو موسڵمانێک ناتوانێت بچێتە بەهەشتی فیردەوسەوە؟؟

***

### وەڵـام

**منیش دەپرسم بۆچی هەموو کەس ناتوانێت بچێتە کۆلێژی پزیشکییەوە؟**

**چونکە لەسەر تواناو و نمرەی کەسەکان وەستاوە ، ئەگەرئەو توانایەیان هەبێت و هەوڵ و کۆشش و ماندووبونیان هەبێت ئەوا وەردەگیرێن , کەواتە لەبەر هەمان شتە هەموان ناچنە پلە بەرزەکانی بەهەشتەوە( فیردەوس ) تەنها ئەوانەدەچنە ئەو پلەیە کە ماندووبون و گوێڕایەڵی تەواویان هەبووبێت.**

***

---

# گومانی (١٢)

**ئەگەر من بەخواستی خۆم هاتومەتە سەر دونیا ئەگەر من پێشتر بەڵێنی ئەوەم داوە کە ئەم ئەمانەتەی ( قورئان ) ئیسلام - هەڵبگرم بۆچی ئێستا هیچم لەبیرنیە ؟ کەس هیچی بەمن نەووتوە!**

***

## وەڵـام

**بەڵێ بەڕێ هیچ گومانێک پێشتر هەمووومان خودا بەڵێنی لێوەرگرتووین و ئێمەش بەڵێنماندا کە هەڵگری ئەم ئەمانەتی ( ئیسلام ) بین.**

**ڕاست دەکەیت لەبیرت نیە شتی وا ڕویدابێت ، منیش هیچم لەبیر نیە.**

**بەڵام ئێمە بڕوامان بە قورئان هەیە کە لە سورەتی المؤمنون ئایەتی ٩٩-١٠٠ دەفەرمووێت / لەڕۆژی دوایدا و دوای مردن هیچ کەس لە بێباوەڕان نیە کە گلەیی و پەڵپ لە خودا بگرێت. دەزانیت بۆ ؟**

**چونکە دوای مردن بۆیان دەردەکەوێت کە پێش ئەوەی بێنەسەر زەوی پرسیان پێکرابوو و ئەوانیش قبوڵیان کردبوو بەڵام کاتێک هاتینەسەر زەوی خودا ئەوبەشەی لەزاکیرەمان دەرهێنا ، چونکە یاسایی تاقیکردنەوە ئاوایە لەکاتی تاقیکردنەوەدا مامۆستا نایەت کتێبەکەت نیشانبدات و تۆش جوابی پرسیارەکان بدەیتەوە , چونکە لە تاقیکردنەوەدایت.**

**کەواتە ئێستا تۆ لە تاقیکردنەوەدایت بۆیە هیچت لەبیرنیە.**

***

---

# گومانی (١٣)

## با خودا مرۆڤی بەشێوەیەک دروستکردایە هەڵەی نەکردایەو تەنها چاکەکار بوایە؟

***

### وەڵـام

خودا پێشتر بونەوەرێکی وای دروست کردوە کە تەنها چاکەکارن ئەوانیش فریشتەکانن بەڵام مرۆڤی بە ئازادی دروستکردوە ئەگەر چاکەکار بن ئەوە پلە و رێزیان لە فریشتەکان بەرزتردەبێت و دەچنە بەهەشتەوە بۆیە مرۆڤەکان چاکترین دروستکراوی خودان.

ئەم شێوازەش کە خودا داویەتی بەسەرماندا واتە ئەم تاقیکردنەوەیە : هاتن بۆ دونیا پاشان مردن ودواتر زیندوبوونەوە و بەهەشت یان ئاگر , ئەمەش هەڵبژاردنی خۆمان بووە و بەزۆر نەهێنراوین.

وەک خودا لە سورەتی الاعراف ئایەتی ١٧٢ فەرموویەتی (( یادی ئەو کاتەش بکەنەوە کە خودا پشتاو پشتی نەوەی ئادەمی کۆکردەوە و ( لەجیهانی غەیب )) کردنی بەشایەت بەسەر خۆیانەوە.

هەروەها ئایەتی ٧٢ سورەتی الاحزاب

إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ ۖ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا

ئێمە ئەمانەتی (عەقیدە و بیروباوڕ، ئەمانتی سەرپشکیمان) نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان دا

(یاخود پێشنیارمان کرد کە ئێوە هەڵگری ئەم ئەمانەتە بن)، بەڵام هەمووواندەستیان پێوەناو ترسان لێی (هەر پێیان چاك بوو ئاوا ( سەرپشك نەبن ) کەچی ئادەمیزاد هەڵیگرت و گرتیە ئەستۆی, بەڕاستی زۆر ستەمکار و نەفام بون.

# گومانی (١٤)

## ئایا قورئان دەفەرمووێت : (خۆر) بەدەوری (زەوی) دەسوڕێتەوە؟

***

**وەڵـام**

**قورئان ١٤٤٥ ساڵ پێش ئێستە فەرموویەتی**

**وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ( الانبیاء -٣٣ )**

**هەر ئەو زاتەیە کە شەوو ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆر مانگیش دروست کردووە، هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێتەوە (زەوەی بە دەوری خۆردا و مانگیش بەدەوری زەویدا).**

**واتە خۆر تەنها بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە نەک بەدەوری زەوی وە دەفەرمووێت زەوی لە خولگەی خۆی دەسوڕێتەوە واتە زەوی لەخولگەی خۆی بەدەوری خۆر و خۆیدا دەسوڕێتەوە**

**سبحان الله زانست ساڵەکانی ٨٠ پێی وابوو کە خۆر وەستاوە لە خولگەی خۆی**

**بەڵام ساڵی ٢٠٠٢ زانست گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە خۆر دەسوڕێتەوە بەدەوری خۆیدا.**

**واتە زانست ملکەچ بوو بۆ قورئان.**

**کەواتە هەرکات زانست و قورئان پێچەوانە بوون بزانە کە هێشتا زانست نەگەیشتوە بەڕاستی.**

***

# گومانی (١٥)

## ئەگەر فریشتەکان بەشێوەیەک دروستکراون کە سەرپێچی خودا نەکەن، بۆچی ئیبلیس سەرپێچی خودای کرد و سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد؟

***

### وەڵـام

خوای گەورە لە سورەتی الکهف ئایەتی ٥٠ دەفەرمووێت : ( ئێمە کاتێک بە فریشتەکانمان ووت سوجدەبەرن بۆ ئادەم،هەموویان سوجدەیان برد،جگە لەئیبلیس کە لەدەستەی پەریەکان بوو)

* ئیبلیس لەدەستەی پەریەکان بوو نەک فریشتەکان

* خوای گەورە عیلمی بەوە هەبوو کە ئیبلیس کیبر و خۆبەزلزانینێک لە ناخیدا هەبوو،خوای گەورە بەم تاقیکردنەوە بۆهەموانی دەرخست کە کەسێکی لوت بەرزەو جێگەی دۆزەخی هەمیشەییە.

* هەردوو دەستەی پەریەکان و مرۆڤ ئازادی لەهەڵبژاردنیان پێدراوە، دەتوانن سەرپێچی خودا بکەن.

***

---

# گومانی (١٦)

## بۆچی دەبێت ئیبلیس سوجدە بۆ ئادەم بەرێت؟ لەکاتێکدا خودا داوای لە فریشتەکان کردووە سوجدەبەرن نەک لە ئیبلیس؟!

***

## وەڵــام

**خودا دەفەرمووێت لە سورەتی الکهف ئایەتی ( ٥٠) ئێمە کاتێک بە فریشتەکانمان ووت سوجدەبەرن بۆ ئادەم هەموو سوجدەیان برد جگە ئیبلیس کە لەدەستەی پەریەکان بوو.**

**ئەگەر خودا تەنها داوای لە فریشتەکان کردوە سوجدەبەرن بۆچی دەبێت ئیبلیس سوجدە ببات خۆ ووتمان ئیبلیس فریشتە نەبوو ، پەری بوو ؟**

**بەکورتی .. ئەگەر گوێگران زۆرینەبن پێویست ناکات قسە لەگەڵ چینێکی کەم بکرێت ، بۆ نمونە /**

**ئەگەر ٩٩ پزیشک و یەک ئەندازیار هەبن، من دەڵێم با هەموو پزیشکەکان هەستنەسەرپێ ، کەواتە دەبێت ئەندازیارەکەش هەستێتەسەرپێ.**

**پێویست ناکات بڵێم پزیشکەکان و ئەندازیارەکە هەستنەسەرپێ چونکە مەنتیق نیە!**

**وە ئیبلیس خۆی دەیزانی چ خوایەکی گەورە ئەمری بە سوجدەبردن کردوە بەڵام ئیبلیس ناخی پڕبوو لە خۆبەزلزانین و ئەوەی زیاتر ڕاستی ئەو بابەتەمان بۆدەردەخات ئەوەیە کاتێک خودا لێی دەپرسێت بۆچی سوجدەت نەبرد؟ ئیبلیس ووتی منت لە ئاگر دروست کردوە و ئادەمیش لە گڵ واتە خۆی پێ گەورەتر و لەپێشتربوو کە خۆبەزلزانین تەنها بۆ خوداهاتووە.**

***

---

# گومانی (١٧)

## ژیانی دونیا هەمووی تاقیکردنەوەیە ، کاتێک تاقیکردنەوەهەبێت ئەنجامەکان نادیارن، کە خودا ئەنجامەکان دەزانێت ئیتر تاقیکردنەوە چ واتایەکی هەیە؟؟

***

**وەڵــام**

*** مامۆستا کاتێک تاقیکردنەوە ئەنجام دەدا زۆر جار ئەنجامەکان دەزانێت، مامۆستا کەدەزانێت ئەم خوێندکارە یەکەم دەبێت و ئەوی تر دەرناچێت، ئایا خوێندکارەکە ئەبێ بڵێت من تاقیکردنەوەئەنجام نادەم؟!! تاقیکردنەوەکە بۆ تۆیە نەک مامۆستاکە.**

*** خودا ئەنجامەکان دەزانێت .. بەڵام ئەگەر ڕاستەو خۆ بمانخاتە دۆزەخەوە لەوێ سکاڵادەکەین و دەڵێین خوایە با پێشتر تاقیتبکردینایەتەوە.**

*** خودا لەم دونیایەدا تاقیت دەکاتەوە تا هیچ بەڵگەیەک و بیانویەکت بەدەستەوە نەبێت بۆ قیامەت**

***

---

# گومانی (١٨)

## زانست لە ساڵەکانی ٧٠ و ٨٠ ی سەدەی ڕابردوو واتە ٣٠ یان ٤٠ ساڵ پێش ئێستە گەیشتن بەو ڕاستیەی کە بوونەوەر هەموو یەک پارچە بوون و لە تەقینەوەگەورەکەدا ( ئەستێرە و خۆر و مانگ و زەوی ...) دروست بوون کە پێی دەووترێ ( تیۆری تەقینەوەگەورەکە)

***

## وەڵـام

**ئەگەر زاناکان ٤٠ ساڵ پێش ئێستە شێوازی دروست بوونی بونەوەریان دۆزیوەتەوە، ئەوە پێغەمبەرﷺ کە نەخوێندەواریش بوو لە بیابانی عەرەبستان پێش ١٤٠٠ ساڵ ئەم زانست و ڕاستیەی بۆ هێناوین لە قورئاندا..**

**لە سورەتی الانبیاء ئایەتی ٣٠  خودا دەفەرمووێت:**

**( أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا )**

**واتە : ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون لەوەودوا لێکمان جیا کردنەوە.**

**کێ دەتوانێت باسی ئەمە بکات لەو سەردەمەدا کە زانست پێش نەکەوتبوو؟**

***

---

# گومانی (١٩)

## چۆن دڵنیابم کە پێغەمبەر ﷺ قورئان لە گاور و جولەکە فێر نەبوە ؟

***

**وەڵـام**

**... بەڵگەی لۆجیکی بەکاردێنم بۆ وەڵامەکە**

*** دیارترین و خانەدانترین کەسانی قورەیش کە شوێن پێغەمبەر کەوتن و ئیسلامیان قبوڵ کرد کەسانی ژیر و هۆشمەندبوون،ئەگەر شتێکی گومانلێکراویان دیبایە خێرا هەستیان پێدەکرد لەکاتێکدا ئەرکی پەیامبەر٢٣ ساڵی خایاند.**

*** هەموو مێژوو سەردەمی پێغەمبەرﷺ بخوێنەوە بۆیەکجاریش نەیاران نەیانتوانیوە پێی بڵێن تۆ پێشتر لای جولەکە و گاورەکان فێربوویت ئەم قورئانە هەڵبەستراوە.**

*** پێغەمبەر ﷺ نەخوێندەوار بـوو**

*** ئینجیلی عەرەبی نەبووە ئەوکات !! کۆنترین نوسخەی عەهدی کۆن بەعەرەبی زیاتر لە ٢٥٠ساڵ دوای پێغەمبەر ﷺ چاپکرا.**

***

---

# گومانی (٢٠)

## گرنگترین و بەهێزترین بەڵگە کە تەحەدای قورئانە بۆ تەواوی زانست و زانایانی شۆککردوە.

***

**وەڵـام**

**دەتوانێت یەک بەڵگەی گشتگیری بەهێزمان نیشانبدەیت کە قورئان تەحەدایەکی گشتی لەسەر زەوی کردبێت و زاناکانی شۆککردبێ؟؟**

*** خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموویت الانبیاء ٣٠:(وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ)**

**واتە / لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە**

**ئایا دەزانی لەئێستە دا بە ملێۆنان زیندەوەر جگە لە مرۆڤ .. بگرە بە ملیارات زیندەوەر لەسەر زەوی بوونی هەیە .. باشە لۆژیکیە قورئانێک کە لەبیابانێک و لە سەردەمێکی تەواو دواکەوتوو لەهەموو بوارەکانی ژیان هاتوە ڕاستەوخۆ بڵێ هەموو زیندەوەرانمان لە ئاوا دروستکردوە؟!**

**ئەگەر دروستکارەکە ئەم تەحەدایەنەکات چ هێزێک هەیە بوێری ئەم قسەیەبکات؟**

**لەکاتێکدا ئێستە زانست پێشکەوتووە و دەتوانرێت ئەم قسەیە بە درۆبخەنەوە!**

**بەڵام زانست چۆکی داداوە لەبەردەم ئایەت و نیشانەکانی قورئان**

***

---

# گومانی (٢١)

## !هۆکاری دروست بوونی مرۆڤ چییە ؟

***

**وەڵــام**

**خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆش دەوێت بۆیە دروستی کردوە، لە حەدیسێکدا رسول الله ﷺ دەفەرمووێت :( خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆشدەوێت ، هەروەک چۆن دایکێک منداڵی خۆی خۆشدەوێت، ئایا دایک حەز بەوە دەکات منداڵی خۆی سزاو ئازار بدات)؟**

**لەگەڵ ئەوەی خوای پەروەردگار مرۆڤی خۆشدەوێت ، دەیەوێت خۆی بە بەندەکانی بناسێنێت و دروستی کردون تاوەکو دروستکراوەکانی بیناسن.**

**نمونە / ئەگەر کەسێک بەخشندەبێت هەتا گوناهێک بەرانبەری نەکرێت ، ئەو بەخشندەییەی دەرناکەوێت، هەرچەندە لە ناخیشیدا هەبێت.**

**ولله المثل الاعلی خوای پەروەردگاریش کۆمەڵە سیفاتێکی بەرز و کامڵی هەیە ، مرۆڤی دروست کردوە تا خۆی و ئەو سیفەتەبەرزانەی پێ بناسێنێت.**

***

---

# گومانی (٢٢)

## ئایا مولحیدان چۆن زانیان خودا بوونی نییە؟

***

### وەڵــام

**پێویستە هەمان ئەو پرسیارەی کە ئێمەی موسڵمان جوابی خۆمان داوەتەوە هەمان پرسیار ئاڕاستەی مولحیدان بکەین کە بفەرموون بەڵگەیەک بخەنەڕوو لەسەر نەبونی خوا.**

**دەپرسین بەچ بەڵگەیەک خودا لەسەر و ئاسمانەکانەوە بوونی نیە؟**

**کێ لەئێوە گەڕاوە بە هەموو ئاسماندا تا خودای نەدیێ؟**

**کەواتە هەرچی بابەتتان هەیە لەسەر خەیاڵ بنیاد نراوە!!**

***

---

# گومانی (٢٣)

## بۆچارەسەری ئەم هەمووکێشەیە بۆ خوا پێغەمبەرێکی دیکە نانێرێت ؟؟؟

***

**وەڵـام**

**ئێستە تۆ لە خۆت بپرسە ئەو مۆبایلەی دەستت بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە ؟**

**بێگومان دەڵێیت : لەچەند پارچەیەکی جیاواز پێک هاتوە و هەریەکەیان لەڕێگەی ئامێرێک و دەزگایەکی تایبەتەوە بەوردی کاری لەسەر کراوە و بەچەند فلتەرێکدا ڕۆشتون و لەکۆتایدا ئەم مۆبایلە دروست بوە کە ئێستە بەدەستمەوەیە.**

**باشە / دەپرسم لێت : ئایا ئەم مۆبایلە کە بەم هەنگا و قۆناغانەدا ڕۆشتوە دەکرێت بە هەنگاو و قۆناغی تردا بڕوات؟**

**لەکاتێکدا گەیشتوەتە شێوەی تەواوەتی خۆی؟؟؟**

**دڵنیام دەڵێیت : نەخێر چونکە گەیشتوەتە کۆتا هەنگاوی خۆی کە مۆبایلە و ئێستە کاردەکات بەدەستمەوە.**

**دەی ولله المثل الاعلى : ئیسلامیش هەنگا و بە هەنگا لە ڕێگەی پێغەمبەران لە ئادەمەوە تا خاتەم (سلامی خوایان لەسەربێت) گەیشتوەتە هەنگاوی کۆتایی خۆی**

**وەک خوای گەورە لە سورەتی (المائدة ٣) دەفەرموێت : (( ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاند و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان)).**

***

---

# گومانی (٢٤)

## بۆچی پێویستمان بەخودا هەیە ؟؟

***

### وەڵـام

**زۆربەی زۆری مولحیدان و کتێبەکانیان باس لەوەدەکەن ئێمەی مرۆڤ**

**پێویستمان بە خودا نیە, یان بۆچی دەبێ پێویستمان بەخودا هەبێت؟**

**لەکاتێکدا مرۆڤ لەڕوی مادی و پێداویستی ژیان هەمووشتێک دابین کراوە ، زەوی هەموو پێداویستیەکی مرۆڤی لەخۆ گرتوە و پێداویست ناکات وەهم و خەیاڵ لە مێشکماندا دروست بکەین کە خودایەک هەیە و بونەوەر بەڕێوەدوبات!**

**لەئێستادا زۆربەی مرۆڤایەتی بەدوای ئارامی و ئاسودەیی دڵ و دەرونیدا دەگەڕێت**

**نمونەش لە بەرچاوماندایە ، کۆمەڵێک هانا ئەبەن بۆ یۆگا و میدیتەیشن  تا ئارامی و وزەیەکی تەواو بدەن بەڕۆحیان؟ هەندێک گوێ لە میوزیک دەگرن! هەندێک پەنا بۆ چیرۆکی خەیاڵاوی دەبەن!**

**بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی ڕویان لە ماددەی هۆشبەر و مەشروبات کردوە ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی لەخەم و دڵتەنگی و ئەو ئازارە ڕۆحیانە ڕزگاریان بێ کە ڕوی تێکردون لەکاتێکدا مرۆڤ بە هەزاران کێشە و نوقسانی و بەڵا دەورەدراوە دەبێ چۆن ئەم فەراغەی پڕبکاتەوە ؟ لەکاتێکدا کەسێکی ئازیزی لەدەست ئەدا بۆچی ئەبێ بەردەوامی بە ژیانی بدات و خۆی نەکوژێت ؟ لەکاتێکدا دزی بۆ هەڵدەکەوێ بۆ نەیکات؟ بۆ باش بێ؟ بۆ بژی؟ بەچی ڕۆح و دڵ و دەرونی ئارامبکاتەوە؟ سەرەنجامی ژیانی تاک بەتاکی مرۆڤەکان چی لێدێت ؟ دەبنەوە بەخۆڵ ؟هەر بەڕاست سەرەنجامی مرۆڤەکان تەنها خۆڵ بێ ! بەدوای کام ئارامیدا ئەگەڕێیت؟**

**تاکە بەرنامەو ڕێباز لەسەرزەوی کەوەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی مرۆڤایەتی دابێتەوە بەرنامەکەی پەروەردگارە لەبەرئەوەیە پێویستمان بەخودا هەیە.**

# گومانی (٢٥)

## بۆچی لە قورئاندا باسی بەفر _ داینەسۆر ... هتد

## نەکراوە ؟ بۆ چی باسی زۆر شت نەکراوە ؟

***

## وەڵـام

ڕاستە قورئان بۆ تەواوی مرۆڤایەتی نێردراوە و کۆتا کتێبی ئاسمانیە بەڵام ناکرێت قورئان ناوی هەمووشتێکی تێدا هاتبێ ! قورئان کتێبێکە بۆ ئەوە نێردراوە کە بەرچاوی مرۆڤەکان ڕونبێت قورئان نێردراوە تا مرۆڤایەتی بیربکەنەوە و عاقڵبن و بزانن لەم زەویەدا چی دەکەن , قورئان قاموسێک نیە هاتبێ ناوی هەمووشتێکی تێداهاتبێ , إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ – یوسف٢ (بەڕاستی ئێمە ئەم ئایەتانەمان دابەزاندووە لە شێوەی قورئانێکی پاراودا بە زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی ئێوە لێی تێبگەن و ژیریتان بخەنەکار)

خودا پێمان دەفەرمووێت بڕۆن بگەڕێن و بیربکەنەوە و تێبفکرێن و سەربری دەسەڵاتی خودا بکەن لە زەوی و ئاسمانەکاندا, ڕاستی مرۆڤی ژیر ئەگەر بیربکاتەوە ئەوە ئەزانێ کە ئەگەر خودا هەمووشتێکی لە قورئانداباسبکردایە یان تەواوی شتەکانی پێمان بووتایە ، کەواتە ئێمەش نرخمان لە ئاژەڵەکانەوە نزیک دەبویەوە , بەڵام ئێمە مرۆڤین و خودا ئەقڵی پێداوین تا بیربکەینەوە (قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ۚ) العنكبوت _ ٢٠

پێیان بڵێ: با بگەڕێن بە زەویدا، تەماشا بکەن و سەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستکراوانی بەدیهێناوە

(وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ) الحشر _ ٢١

ئێمە ئەم نمونانە دەهێنینەوە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و ژیریان بخەنە کار و شوین قورئانی پیرۆز بکەون.

***

# گومانی (٢٦)

## بۆچی خودا مەلائیکە ( فریشتە ) ی نەنارد لە جیاتی پێغەمبەران ؟؟

***

### وەڵـام

ئەگەر خودا مەلائیکەی بناردایە .. ئەوە خەڵکی گلەیی ئەوەیان دەکرد کە ئەوەی ئەوان دەیڵێن و بە ئێمە ناکرێت چونکە ئەو لە نور دروست کراوە توانای زیاترە و ئێمە ئەو توانایەمان نیە نە لە عیبادەت و نە لە هەڵسوکەوت ناتوانین وەک ئەو بکەین.

لەلایەکی ترەوە خودا پێغەمبەری لە خۆمان (مرۆڤ) ناردوە بۆئەوەی جوانتر و ڕونتر دینمان بەدەست بگات چونکە پێغەمبەرێک کە لە خۆڵ بێت باشتر لەهەست و توانا و حەز و چۆنیەتی ژیانی ئێمە تێدەگات و وە باشتر فێرمان دەکات چونکە پێغەمبەران سەرجەم تایبەت مەندیەکانی مرۆڤی تێدایە وەک لە فریشتەیەک کە لە نور دروست کرابێت.

پێغەمبەران بە هەڵسوکەوتیان چەندین سونەت و ئاکاری دینیان بۆ جێهێشتوین کە بە هیچ شێوەیەک بە مەلائیکەت ئەو بۆ شاییانە پڕ نابێتەوە

بۆنمونە : مەلائیکە پێویستی بە خواردن نیە .. کەواتە چۆن شێوازی ڕۆژوو گرتنمان تێبگەیەنێت؟

چۆن ئاکار و ڕەوشتی نان خواردن و چونەسەرئاو و چارەسەری نەخۆشی و ئامۆژگاری بۆ کاتی دڵتەنگی و ... هەموو ئەو شتانەو سەدان شتی تر کە فریشتە ئەم شتانەی پێناکرێ یان مەنتیق نیە وەک ئەوەیە .. پزیشکێک کاری ئەندازیارێک بکات.

بەڕاستی هەمووشتەکان بە قیاس و بە وردی خودا دروستی کردوە هەر ئەویش باش دەزانێت چی لەشوێنی خۆیدایە.

***

---

# گومانی (٢٧)

## بۆچی خودا لەجیاتی قورئان و تەورات و ئینجیل

## یەک کتابی نە نارد تا فیتنە دروست نەبێت ؟؟؟

***

## وەڵـام

خودا ١٤٤٥ ساڵ پێش ئێستە قورئانی نارد بۆ ئومەتی ( محمد ﷺ ) دوای ١٤٤٥ ساڵ

ئێستە ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە بۆچی خودا پێغەمبەرێکی تر و کتابێکی تر نانێرێت ؟خودا بە پێی سەردەمەکان کتابەکانی ناردوە.

تەورات بۆ سەردەمێکی تایبەت بوو کە لەگەڵ ئەو بار و دۆخ و ژینگە و حەضاراتە و ئەو ڕێژەی دانیشتوانەی ئەوکات بگونجێت

هەروەها ئینجیلیش بە هەمان شێوە بۆکات و سەردەمێکی دیاری کراو نێردراوە پێویستی کردوە بۆ سەردەمێکی دیاری کراو .. کە جیهان بەم شێوەی ئێستە کرانەوەی بە خۆیەوە نەدیبوو.

بەدڵنیایی ئەگەر یەک کتاب بهاتایە بۆ مرۆڤایەتی .. هەموو خەڵکی بێ باوەڕدەبوون

چونکە دەیان ووت ئەم کتابە هی ملیونان ساڵ پێش ئێستەیە!

ئەوەتا قورئان ١٤٤٥ ساڵە خودا بۆی ناردوین بە کۆنە پەرست و دواکەوتووی دەزانن

وە دەیان گومانی لێ دەکەن لەوەی کێ دەڵێ محمد ﷺ خۆی نەینوسیوە و لە فلان و فلان فێرنەبوە , ئەی بیر بکەرەوە ئەگەر هەر یەک کتێب بهاتایە و نەگۆڕ بوایە

دەبوو کێ بمایەتەوە و کێ باوەڕی بکردایە!!.

***

---

# گومانی (٢٨)

## هەمیشە ئەو بەڵگە دەهێننەوە بۆ بوونی خوا کە گوایە هەمووشتێک دروستکەرێکی هەیە زەوی و ئاسمان و مرۆڤ کەواتە خوداش دروستکەرێکی هەیە ؟

***

## وەڵـام

ئایادەزانیت پرسیاری ( کێ خودای دروست کردوە ؟ ) پرسیارێکی هەڵەیە چونکە ئەگەر دروست کرابێت کەواتە خوانیە.

وەک ئەوەیە بڵێیت بۆچی ١+١=٣ ؟

پرسیارەکە هەڵەیە چونکە ١+١=٢

گرنگترین تایبەتمەندی بۆ خودا ئەوەیە دروست کراونیە ئەگەر دروست کراوبێت کەواتە دروستکەرەکەی خوایە. کەواتە نابێ ئەم ڕیزبەندیە بەردەوام بێت دەبێ لە خاڵێکدا بوەستێت.

ئەفلاتوون لە یەکێک لە قسەکانی لەسەر دروست کەری بونەوەر دەڵێت ؛ ( ئەو هێزەی کە بوونەوەری دروست کردوە پێی دەوترێ " بزوێنەری نەبزوێن).

ئێمە بە تێفکرین لە شتەکانی دەوروپشتمان دەگەینە ڕاستی تەواو کە خودای ئێمە ( الله ) ئەو خودایە کە پێویستی بە دروست کەرێک نیە.

بۆنمونە : زەوی سەرچاوەی وزە و ڕوناکی لە خۆرەوە وەر دەگرێت ، ئەی خۆر خۆی لەکوێوە وەری دەگرێت؟ بێگومان هەر خۆی ئەم تاقەیە دروست دەکات یان ئوتومبێل و قیتار و تەیارە لەڕێگەی چیەوە دەتوانن جوڵە بکەن ؟ بێگومان لە ڕێگەی بزوێنەرێکەوە ئەی خودی بزوێنەرێکە لەکوێوە وزەی بۆ دێ؟ بێگومان هەر لەخودی خۆیەوە وەردەگرێ کەواتە خودا هەر لە ووشە و ناوەکەیەوە بیگرە ( خود، خۆی ، هەر خۆی ) هەتا گەورەترین جێدەستەکانی پێمان دەڵێت کە هیچ هاوشێوەی نیە و هەر خۆی ( ئەوەڵ و ئەخیرە).

# گومانی (٢٩)

## خودا بۆچی یەک دینی نەنارد ؟؟

***

## وەڵـام

ئایا دەزانیت خودا تەنها یەک دینی ناردوە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی لە سەرەتا تاکۆتایی کە ئەویش دینی ئیسلامە

بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات هەندێ گۆڕانکاری کەم بەپێی بارو دۆخ و سەردەم و شارستانیەت و مرۆڤەکان کراوە.

بەڵام هەموو دینەکان لە هەموو سەردەمەکاندا هەر ئیسلام بوە، لەسەردەمی ئادەمەوە تا ئێستا. بۆیە پێویستی کردوە بەپێی سەردەمەکان خودا ئەحکامی جیاواز و پێغەمبەر بنێرێت بۆمرۆڤەکان. مَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا / الاسراء-١٥ واتە :( ئێمەش سزای کەسمان نەداوە تا پیغەمبەرێکی بۆ دەنێرین)

بەڵگەش بۆ ئەوەی کە هەموو ئومەتانی پێش ئێمە لەسەر دینی ئیسلام بوون ئەم ئایەتانەی "خوارەوەیە * قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ - ٥٢ ال عمران

واتە :( حەوارییەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی دین و ئاینی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە، تۆش شایەتی بدە کە بەڕاستی ئێمە موسڵمان و ملکەچ و فەرمانبەردارین).

واتە ، عیسا علیەسلام لەسەر دینی ئیسلام بوە و موسڵمان بوە.

* مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ - ٦٧ ، ال عمران واتە :( (ئاشکرایە) کە ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نەگاور، بەڵکو ملکەچ و فەرمانبەردارو موسڵمان بووە و لە دەستەی موشریک و هاوەڵگەران نەبووە واتە ، ئیبراهیم علیەسلام ، موسڵمان بوە و لەسەر دینی ئیسلام بوە.

واتە: بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ - ١٩ ال عمران ئاینی ئیسلامە.

# گومانی (٣٠)

## ئایا خودا لە هەمووشوێنێک بوونی هەیە ؟؟

***

**وەڵـام**

**بێگومان خودا لە هەمووشوێنێک بوونی هەیە بەڵام نەک وەک خودی خۆی لەو شوێنەبێت**

**نەخێر ،، چونکە ئێمە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە خودا فەرموویەتی ( لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ)**
**واتە :(هیچ شتێك نیە لە وێنەی ئەوزاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت) ١١ الشورى**

**کەواتە خودا شتێک یان ماددەیەک نیە تا لە شوێنێک بێت بەڵام دەشێت بڵێین خودا بە عیلمی خۆی لە هەمووشوێنێک بوونی هەیە و ئامادەیە و بۆ یەک لەحزەش عیلم و ئاگایی خودا لە هیچ شوێنێک دانابڕێت.**

***

---

# گومانی (٣١)

## بۆچی لەم دونیایە خودا دۆزەخمان نیشان نادات ؟ تا چیتر تاوان نەکەین؟؟

***

## وەڵــام

**سەرەتا نابێت ئەوەمان بیربچێت کە ژیانی دونـیا تاقیکردنەوەیە**

**ئەگەر هەر کەسێک تاوانێک بکات و خودا ڕاستەو خۆ سزای بدات و لەناوی ببات کەواتە قیامەت و پاداشت و سزایەک هیچ واتا و گرنگیەکی نامێنێت، بۆیە ئەوە لەگەڵ حیکمەتی خودا ناگونجێت.**

**بەڵام ناشبێت ئەوەمان بیربچێت خودا زۆر جار هەندێک سزای خۆی دەنێرێت کە وەک ئاماژەیەکی ڕون دیارە بۆ ئەو هەموو تاوانانەی مرۆڤەکان ئەنجامی ئەدەن**

**وەک ( ئایدز ) ئەمە سزایەکە لەبەرچاوی مرۆڤەکان لەبەرانبەر کاری سێکسی و بەدڕەوشتی خودا پشانمان ئەدات.**

**لەم تاوانەوە بیگرە بۆ هەمووتاوانەکانی تر بۆ هەموو تاوانێک خودا سزایەکی داناوە هەر لەم دونیا پێش قیامەت بۆ نمونە جگەرە خواردن ، مشروب ، درۆ ، .... هیتر**

**هەریەک لەم تاوانانە کەسی بکەر توشی سزا و ئێش و ئازار و نەخۆشی جۆراو جۆر دەکات پێش سزای قیامەت.**

**کەواتە چی لەمە ڕونترە؟**

**بەهانەیەک ماوە بۆ بینینی دۆزەخ لەم دونیا؟!**

***

---

# گومانی (٣٢)

## ئازاری سوتان توندترین ئازاره چۆن خودا بۆ هەمیشە کۆمەڵێک دەسوتێنێت؟؟

## ئایا ئەمە ئەو پەڕی بێڕەحمی و دڵڕەقی نیە ؟!

***

## وەڵـام

کەسانێکی زۆر دەڵێن چۆن دەبێت  خودا ئەوەندە بێڕەحم بێت

مرۆڤەکان بسوتێنێت لەناو ئاگرێکیش کە شەست و ئەوەندە جار لە ئاگری دونیا ئاگرەکەی سوتێنەر تر و بەهێزتر و گەرم تربێت؟!

ئەگەر هەر لەم ژیانی دونیایەی کەتێیداین ، کەسێک جوێنێک بە مامۆستا یەک بدات سزاکەی چیە ؟ ئەگەر هەر ئەم کەسە هەمان جوێن بە بەڕێوە بەرەکەی بدات ئایا سزاکەی چیە؟ئەگەر هەمان کەس هەمان جوێن بە بەرپرس و مەسئولێک بدات سزاکەی چیە ؟

ئەگەر هەمان جوێن بە سەرۆکی وڵات و پاشایێ مەملەکەت بدات ئایا سزاکەی چی لێدێت ؟

ئایا بەپێی گەورەیی و هێزی کەسەکان سزاکەش گەورەترنابێ ؟ ئەگەر هەمان کەس بەنمونە بهێنینەوە , چاکەیەک لەگەڵ مامۆستاکەی دەکات پاداشتی چیە؟

هەمان چاکە لەگەڵ بەرێوەبەرەکەی بکات پاداشتی چیە؟ هەمان چاکە لەگەڵ بەرپرس و مەسئولێک بکات پاداشتەکەی جی لێدێت؟ هەمان چاکە لەگەڵ سەرۆکی وڵات بکات ئایا پاداشتەکەی چەندەی لێدێت؟ ئایا بەپێی گەورەیی و هێز و قورسایی کەسەکان پاداشتەکەش نەگۆڕا؟ بێگومان بەڵێ .. کەواتە : تۆ ئەبێ بزانیت کاتێک سەرپێچی یان چاکەکاری دەکەیت لەگەڵ خالقی زەوی و ئاسمان.  خودا لەبەرانبەر یان بەهەشتت پێ ئەدات کە ئەوپەڕی پاداشتە و لەسەرو ئەوەوە کەس ناتوانێ بەوشێوەیە پاداشتت بداتەوە

یان دۆزەخ کە ئەوپەڕی سزایە و کەس ناتوانێت بەو شێوەیە سزات بدات.

# گومانی (٣٣)

## هەمووشتێک سەرەتاو و کۆتایی هەیە چۆن دەکرێ بەهەشت و دۆزەخ وەک چۆن سەرەتایان هەبوە کۆتاییان نەبێت ؟؟؟

***

### وەڵـام

**هەمیشە مرۆڤەکان لەو شتانەی لەبەر دەستیانە بیر دەکەنەوە و زیاتر لەوە بیرکردنەوەیان تێپەڕ ناکات.**

**بۆیە وابیر لە ژیانی دوای مردنیش دەکەنەوە**

**ڕاستە لەم ژیانی دونیا هەمووشتێک چۆن سەرەتایی هەبوە کۆتایشی دەبێت.**

**بەڵام ئەم یاسایە تەنها بۆ ژیانی دونیایە نەک بۆ ژیانی قیامەت**

**هەر وەک چۆن ژمارەکان لە ( ١ ، یەک )ە وە دەست پێدەکات و کۆتایشیان پێ نایەت**

**ئاوا بەهەشت و دۆزەخ سەرەتایان هەبوە بەڵام کۆتاییان پێ نایەت**

**چونکە دروست کەرەکەی وای ویستوە.**

***

---

# گومانی (٣٤)

## کافرەکانی مەککە داوای چەند موعجیزەیەکیان لە پێغەمبەرﷺ کرد

## بەڵام پێغەمبەرﷺ  ئەنجامی نەدا؟!

***

## وەڵـام

**لەسورەتی الاسراء .. ئایەتی ٩٠ ، ٩١ ، ٩٢ ، ٩٣**

**کافرەکان داوای چەند شتێک دەکەن لە پێغەمبەرمان ﷺ وەک ( هەڵقوڵاندنی کانی لەزەویەوە - دروستکردنی باخی دار خورما و ترێ و ئاو لەناویدا - ئاسمان پارچە پارچە بکەیت بەسەرماندا - مەلائیکەتەکان پۆل پۆل ببینین - دروستکردنی ماڵێکی ڕازاوە لە زێڕ - بەرزبیتەوە بۆ ئاسمان و بفڕیت - لەئاسمان کە هاتیتەوە کتابێک بهێنیتەوە لای خوای گەورە)**

**بەڕاستی ئەو داواکاریانەی کە کافرانی قورەیش کردیان شتانێکی کاتی بوون! هەڵقوڵاندنی ئاو لەناخی زەوی! ئەگەر بۆشی بکردنایە ئێستە مولحیدان ڕەخنەی ئەوەیان دەگرت کە لەڕێگای بیرو چاڵەوە دەتوانن ئەوانیش ئاو لە ناخی زەوی دەربهێنن کەواتە ئەوە کەی موعجیزەیە؟**

**دروستکردنی ماڵ لە زێڕ ، باخی خورما ، ئەمانەش هەمان شێوە یان با مەلائیکەتەکان ببینین؟ کەواتە قیامەت و بەهەشت دۆزەخ نەدەما! بۆیە داواکارییەکان هەموو شتێکی کاتی بوو.**

**ئایا دەزانیت موعجیزەی پێغەمبەران دەبێ  بۆ هەموو ئومەتەکە بێ.**

**چونکە پێغەمبەری خۆمانﷺ کۆتا پێغەمبەرە لەدوای خۆی ئومەتەکەی بەردەوامن لەسەر زەوی پێویستە موعجیزەیەک بهێنێت کە تەواوی ئومەت بەهرەمەندبێ لێی وەک موعجیزەی**

**قورئان موعجیزەی شەق کردنی  مانگ بۆیە ئەو شتانەی کە کافران داوایان کرد شتانێکی کاتی بوو.**

ئەگەر بهاتایە پێغەمبەرﷺ ئەوانەی بۆ بکردنایە و باوەڕیان نەهێنایە ئەوە خوای گەورە هەموویانی لەناو دەبرد چونکە یاسایی خوای گەورە بەوشێوەیە لەدوای موعجیزە ئەگەر باوەڕیان نەهێنابا هەموویانی غەرق دەکرد.

بۆیە پێغەمبەری ڕەحمەت فەرمووی لەسەریان دەوەستم و ئومێد دەکەم لە پشتی ئەمان نەوەی دیندار دروستبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری ئایەتێک دوای ئەو ئایەتە بکەین واتە ئایەتی ٩٤ دەفەرمووێت:

إِلَّا أَنْ قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَسُولًا - ٩٤ تەنها ئەوە نەبێ کە ئەیانوت: ئایا خوای گەورە ] مرۆڤێکی کردووە بە پێغەمبەر؟! ئەیانوت چۆن ئەبێ پێغەمبەر مرۆڤ بێ. واتە ئەو کافرانە دەیان ووت نابێ مرۆڤ پێغەمبەربێت دەبێ مەلائیکەت بێ. بۆیە پێغەمبەرمان پێیان دەفەرمووێت :( [هَلْ كُنْتُ إِلَّا بَشَرًا رَسُولًا - ٩٣

بەڵام من هیچ شتێك نیم تەنها مرۆڤێکم و پێغەمبەری خوام و تواناى هیچ شتێك لەمانەم نیەو مەلائیکەت نیم تا بەرز ببمەوە بۆ ئاسمان. وە خوای گەورە لە ئایەتی ٩٥ پێیان دەفەرمووێت :( مەلائیکەتەکان ناکرێ لەسەر زەوی بژین ، وە ئەگەر مەلائیکەتیشم بناردایە ئێوە باوەڕتان دەهێنا).

***

---

# گومانی (٣٥)

## بۆچی قورئان هەندێک ئایەتی ( نەسخ ) هەڵوەشاوەتەوە ؟!

***

## وەڵـام

وەڵام : خوای گەورە لەبارەی نەسخ کردنەوەی هەندێک لە ئایەتەکانی دەفەرمووێت سورە البقرة آیه ١٠٦ (مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ)ئێمە هیچ ئایەتێك نەسخ ناکەین و حوکمەکەی بەتاڵ ناکەینەوە یان لای نابەین یان نایگۆڕین، وە نەسخ لە قورئانی پیرۆزدا هەیە چەندەها ئایەت هەیە لە قورئاندا نەسخ بۆتەوەو حوکمەکەی سڕاوەتەوە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان پێ دەکەین [أَوْ نُنْسِهَا] یان لەبیرتانی نابەینەوە ئیتر بە خوێندنەوەی پێ یاخود بە حوکمەکەی پێ، یان دوایناخەین [نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا] ئەوا باشتر لەو ئایەتە سەبارەت بە خەڵك حوکمێکی باشتریان بۆ دێنین لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی وە سوکترو ئاسانترو گونجاوتر یاخود هاوشێوەی ئەوە [أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ- ١٠٦] ئایا نازانی کە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە, گرنگترین ئەو هۆکار و تێبینیانە لەسەر نەسخ دەخەینە ڕوو.

١- هیچ ئایەتێک لە بابەتەکانی عەقیدە و بیروباوەڕ و هەوڵەکانی ڕابردوو و داهاتوو نەسخ نەبوەتەوە.

٢- هیچ ئایەتێک لەدوای پێغەبەرﷺ نەسخ نەبوەتەوە ، بەڵکوو هەموو ئایەتەکان لەسەردەمی پێغەبەرﷺ نەسخ بوونەتەوە ، واتە هەمووی بە وەحی بوە، نەک موسڵمانان بە کەیفی خۆیان ئایەتیان نەسخ کردبێتەوە.

٣- نەسخ تەنها لە قورئان ڕوینەداوە ، بەڵکو لە کتێبە ئاسمانیەکانی پێشوودا ڕویداوە.

٤- نەسخ چەند ئایەتێکی کەمە وکە ٢٥ بۆ ٣٥ ئایەتە هەندێک لە زانایان پێیان وایە کەمتر لەو ژمارەیە | ٥- نەسخ ، ڕەحم و میهرەبانی خودایە لەگەڵ بەندەکانی ، لەبابەتەکانی حەرام کراوەکان و قەدەغەکراوەکاندا، بۆ نمونە ( مەی ) بەچەند قۆناغێک حەرام کرا تا قورس نەبێت لەسەر موسڵمانان.

# گومانی (٣٦)

## بۆچی لەم سەدەی ٢١ دا بەپێچەوانەی دینەکانی تر و بیروباوەڕەکانی تر زۆرترین ڕەخنە و چاوەکان و ڕمی دوژمنان ڕو لە ئیسلامە ؟!

***

### وەڵـام

بێگومان ئەو شتەی کە بوەتە جێگەی باس و گرنگیدان و بەرەو هەڵکشان .. ئەوە ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەبیت زۆرترین دوژمن و نەیاری دروستبێت. چونکە قبوڵ کراو نیە بەرنامەیەک بێتەوە پێشەوە کە ڕەتی هەموو بەرنامەیەکانی تر بکاتەوە. ئاشکرایە ئیسلام بەرنامەیەکی کاملە لە هەموو جومگەکانی ژیان لە بچوکترین شت تا گەورەترین شت ئیسلام ڕێگە و شێوازی خۆی داناوە. لەبەرانبەریشدا مرۆڤایەتی ئێستە هەموو ملکەچی دیموکراسین و پەیڕەوی دەکەن کە پێچەوانەی ئیسلامە. هەر بۆیە زۆرترین دوژمن پەیدابوە.

پێم خۆشە بە دوولایەن هۆکاری زۆرترین دژایەتی ئیسلام ڕون بکەمەوە:

١-گرنگرترین هۆکار لە ئێستەدا کە بوەتە هۆی ئەوەی کە ئیسلام زۆرترین دوژمنی بۆ پەیدابێت .. بڵاو بونەوەیەتی بە شێوەیەکی زۆر خێرا کەوای لێهاتوە هیچ وڵاتێکی ئەوروپی نەماوە کە مزگەوتی لێ دروست نەکرابێت! لە ئێستەدا چەندین کەنیسە دەڕوخێنن و لەجێگەی مزگەوت دروست دەکرێت. ئەمە جگە لە زیاد بوونی ژمارەی موسڵمانان لە جیهاندا بە تایبەت وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا! وڵاتێکی وەک فەرەنسا و بەریتانیا بەردەوام ژمارەی موسڵمانانی کەزیاد بووندایە!

ئەمەش ترسی لەدڵی دوژمنانی ئیسلام زیاتر کردوە, بۆیە ناچارن هەموو ئیعلام و ئابوری و توانای خۆیان بخانە کار بۆ ناشیرین کردنی ئیسلام بە هەر نرخێک بێت.

**٢- ئەگەر سەیربکەین .. ئیسلام لە ڕووی دەسەڵاتەوە .. دەڵێت حوکم تەنها بۆ خوایە و هەموویاساکان دەبێت بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت کە خودا دایناوە. ئەمەش وادەکات شوێنی ئەو هەموو دەسەڵاتدارانەی ئەمڕۆ لەق دەکات،کەواتە دوژمنێکی زۆری بۆ دروست دەبێت. لەڕووی کۆمەڵایەتی ئیسلام باسی تەعامول و دەستپاکی و داوێن پاکی و نیەت پاکی چاکەکاری دەکات و بانگەشەی بۆ دەکات .کەواتە کەسانێکی زۆری داوێن پیس و دز و دەست پیس و ناخ پیس .... دەبنە دوژمنێکی تر بۆ سەر ئیسلام.هەر ڕویەک بگریت ئیسلام ڕونی کردوەتەوە و چۆنیەتی تەعامول و بەرنامەداڕێژی بۆ کردوە. ئەمەش وادەکات ، ئەوانەی تەقەبولی ناکەن ببنە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو ئیسلامە. بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە مرۆڤەکان خۆیان یاسا بۆ خۆیان دادەنێن.**

***

---

# گومانی (٣٧)

## تاوانی ئەو منداڵە چیە کە لە کۆمەڵگای مەسیحی یان جولەکە گەورەدەبێت و دەچێتە سەر دینەکەی ئەوان ؟؟

***

## وەڵـام

زۆرترین جار ئەم پرسیارە کراوە .. ئەگەر منداڵێک لە ناو کۆمەڵگایەکی مەسیحی یان دینێکی تر گەورەبێت یان دایک و باوکی هەر مولحیدبن! ئایا تاوانی ئەو منداڵەچیە؟!

زۆرجار کەسێک دەبێتە مامۆستا کە باوکی ڕەنگە شوان بووبێت یان ڕەنگە خۆی ببێتە ئەندازیار یان دکتۆر کەچی باوکی بەو شێوەیە ئاستی ئەوەندە بەرز نەبوبێت! ئایا ئەم کەسە بۆ عیلمی دونیاکەی بگاتە ئەو ئاستە حەق وانیە بگاتە ئەو مەرحەلەیەیی کە هەڵوێستەبکات و دیراسەیەکی ئیسلام بکات؟

ئەبێ ئەوە بزانین کە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت بەپێی ئەو ( ئەقڵ - ژینگە - بارودۆخ - کاتی ئەو کەسە حسابی لەگەڵ دەکات) هەر یەکێک لەو ڕوانە بگریت خودای گەورە بە وردەکاریەکی زۆرەوە هەمووی حساب دەکات پاشان بڕیار لەسەر دەدات,چونکە ئەو عەقڵەی خودا پێی داوین باجی خۆی هەیە, چۆن بۆ دونیا و ژیانی خۆیان ئاوا شارەزابوون و تەکنەلۆجیای پێش کەوتوو و ڕۆبۆت و ... دروست دەکەن ، پێویستە بایی ئەوەش عەقڵ لە ناسینی خودا و دیراسەی دینەکان بەکاربهێنن. بڵام بۆ ئەوانەی کە دینیان پێ ناگات ئەوە خودا هەر لە قیامەت تاقیاندەکاتەوە ، وەک لە فەرموودەدا هاتوە ( ئاگرێکیان بۆ دەکرێتەوە ئەمریان پێ دەکرێت بچنە ناو ئاگرەکە .. هەرچی لەوێ بەقسەی خودا بکات .. ئەوە بەهەشتیە و هەرچی قسەی خودا بشکێنێت ئەوە دۆزەخیە).

***

---

# گومانی (٣٨)

## بۆچی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی تری کوفر پێش کەوتون و سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیش دواکەوتوون؟؟

***

## وەڵـام

**ئەوەی جێگەی داخە ئەم پرسیارە زۆرترین جار بەشێوازێکی سوکایەتی دەکرێت وەک ئەوەی کە ئیسلام هۆکارە بۆ دواکەوتنی وڵاتانی ئیسلامی! وەک ئەوەی ئیسلام دەستی پێشکەوتنی گرتبێت!**

**هۆکاری دواکەوتوی وڵاتانی ئیسلامی و موسڵمانان:**

**بێگومان گرنگترین هۆکار بۆ دواکەوتنی وڵاتانی موسڵمانان بریتیە لە پشت کرد لە بەرنامەی خودا قورئان , ئەوە خاڵێکی گرنگە .. چونکە ئێمە ڕاست ناکەین لەگەڵ بەرنامەی الله تعالى بۆیە باجەکەی ئێستا بەقورسی ئەدەین. نابێت بیرمان بچێ ئەوەی گرنگی بێت نە بەکتێب و خوێندنەوە نە لایەنی پەروەردەی نادرێت لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی ، هیچ وڵاتێکی ئیسلامی نابینیت کە سەرۆک و بەرپرسەکانیان لەلایەن وڵاتانی دەرەوە دانەنرێت وە ئەمان وەک بوکەڵە دەوردەبینن! بۆیە هیچ وڵاتێکی ئیسلامی نابینیت سوکایەتی بە زاناکانیان نەکەن و زیندانیان نەکەن و سزای جۆراو جۆری زانایان نەدەن! ئەوانەشی خوێندن تەواو دەکەن هەرگیز لە بوارەکەی خۆیاندا ناتوانن کار بکەن! لەبەرانبەریشدا هەموو ڕێز و پاڵپشتیەک بۆ هونەرمەند و گۆرانی بێژی ئافرەتان کە ژمارەیان لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی زۆر لەزیادبوندایە دەکرێت..**

**لە لایەکی ترەوە شوێن کەوتنی حەز و ئارە زوو دونیا لەلایەن موسڵمانانی ئەم سەدەیە بە ڕونی دەبینرێت. هۆکارێکی گرنگی تر کە بیرمان نەچێت کارکردنی جولەکە و کوفری ڕۆژئاوا بۆ ناشیرین کردنی ئیسلام و بردنی خێر و بێری وڵاتانی ئیسلامی و دروست کردنی ئاژاوە و جەنگ و دروستکردنی سەدان هێز و گروپی چەکدار هەر ڕۆژە و لە ژێر ناوێک و ئاڵایەکدا و پێدانی چەک و یارمەتی سەربازی و وێران کردنی وڵاتانی ئیسلامی و لاواز کردنی لایەنی پەروەردە و**

**فێرکردن و خوێندن، لاواز کردنی لایەنی ئابوری وڵاتانی موسڵمان و کەوای لێکردون هەموویان ملکەچی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بن و ناچاربن. دارمانی ژێرخانی ئابوری وڵاتانی موسڵمانان**

**وڵاتانی ئیسلامی بونەتە سفرە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و لەسەر سک و خاک و وڵاتانی موسڵمانان توانیویانە لایەنی ئابوری و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەربازی و هەموو سێکتەرەکانی تر برەو پێبدەن و نەوت و زێڕ و داهاتی ژێر زەوی وڵاتانی ئیسلامی هەموو بۆخزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن! وڵاتێکی وەک فەڕەنسا لەسەر سکی وڵاتانی ئەفریقیا دەژی!!**

**ڕەنگە بپرسن بۆچی وڵاتانی ئیسلامی ڕێگە ئەدەن داهاتیان ببرێت؟ چونکە:**

**- هێزی سەربازیان بەدەستە**

**- هێزی ئابووریان بەدەستە**

**- هێزی ئیعلامیان بەدەستە**

**کەواتە بەم ٣ هێزە توانیویانە کۆنترۆڵی هەموو جموجۆڵەکان بکەن. ئەوەی ماوەتەوە بۆ موسڵمانان تەنها لایەنی ئەخلاقیانە، ئێستا کار لەسەر ئەم لایەنەش دەکەن ، بەشێوەک گەنجان بێ کار کراون و سفوری و تێکەڵاوی و هەزاران ئاهەنگ و ڕۆژی جۆراو جۆر و خۆشەویستی دروست کراوە کە گەنجانیان والێکردوە توشی هەزاران کاری خراپ بن. هەموو ئەم شتانەش بە ئەنقسەت دەکرێت ! تا شتێک نەمێنێت بە ناوی ئیسلامەتی، بۆیە دەروازەیەک نەماوە بۆ پێشکەوتن و داهێنان لەلایەن موسڵمانان تەنها ئەوەندەیان پێدەکرێت خۆیان و ئازیزانیان بپارێزن لە لافاوی شیرک و گومڕایی و فەساد. ئەمەش بەرهەمی دیموکراسی ڕۆژئاوایە.**

*******

---

# گومانی (٣٩)

## ئایا قورئان دەڵێت : خۆر لە چاڵێکی قوڕدا ئاوادەبێت ؟

***

### وەڵـام

ناحەزانی ئیسلام .. چونکە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەماوە بۆ ڕەخنەگرتن لە قورئان هاتوون ئایەتێکی قورئانیان هێناوە ، گوایە قورئان کەوتوەتە هەڵەوە و پێی وایە خۆر (لە چاڵێکی قوڕدا ئاوادەبێت)

ئایەتەکەیە (وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ ) ٨٦ الکهف

واتە (بینی کە خۆر لەشوێنێک ئاوائەبێ وەک و چاڵی قوڕ ، لەبەرچاوی ئەم وەکو چاڵێکی قوڕ وایە, بەڕاستی جێگەی پێکەنینە ئەوە بکرێتە ڕەخنە بەسەر قورئانەوە.

(وَجَدَهَا) واتە بینینەکەی ئەو بەو شێوەیەبوو, کاتێک ئەو پیاوە ( ذِي الْقَرْنَيْنِ ) گەیشتە ئەو ناوچەی کە خۆری لێ ئاوادەبێت. لەبەرچاوی ئەم وادەردەکەوت کە خۆرەکە لەناو چاڵێکی قوڕ ئاوابوە. بۆنمونە کاتێک دەریایەک لەپێشتە و تۆ دانیشتوی کاتی خۆر ئاوابوون دێ .. لەبەرچاوی تۆ خۆرەکە لەناو دەریاکە ئاوادەبێ! یان چیایەک لەبەرانبەرتە .. کە خۆر ئاوادەبێ لەبەرچاوی تۆ خۆرەکە دەچێتە پشت چیاکەوە ، ئاخر دەکرێ بڵێین : خۆرەکە چۆتە پشتی چیاکە؟ یان خۆرەکە چۆتە ناو دەریاکە؟بەڕاستی کەسی ئاقڵ ئەم ڕەخنەیە ناگرێ.

***

---

# گومانی (٤٠)

## بۆچی ئەگەر کەسێک پەشیمان بێتەوە لە دینی ئیسلام حوکمی کوشتنە ؟؟

***

### وەڵـام

لە ئیسلامدا حوکمی مورتەد ( هەڵگەڕانەوە ) لە دین کوشتنە ، ئەمەش زۆرترین قسەی لەسەرە. بەداخەوە ، زۆربەی موسڵمانان پێیان وایە حوکمی مورتەد کوشتن نیە بەبیانوی ئەوەی کە قورئان ڕاستەوخۆ باسی نەکردوە! بەڵام فەرموودەی پێغەبەرﷺ لەسەر هاتوە و بەهیچ شێوەیەک قابیلی مناقەشە کردن نیە ,ئێمە زۆرجار بە ووتە دەڵێین : دینەکەمان لەپێش هەمووشتێکەوەیە! بەڵام کاتێک دێینە سەر واقیع بەداخەوە وانیە! چۆن وانیە بەدڵنیایی وانیە .. ئێوە لە خۆتان بپرسن ، ئەگەر هێزی چەکداری وڵاتێک یان جەنەڕاڵێک !؟ یان بەرپرسی وڵاتێک ، هەڵگەڕێتەوە لە خاک و نیشتمان و لە نەتەوەکەی خۆی و بڵێت : من ئازادم و دەچمە پاڵ هێزی وڵاتێکی تر ، ئایا بە هەموو پێوەرەکان حوکمی ئەو هێزە ،یان ئەو جەنەڕاڵە ، یان ئەو بەرپرسە چی یە, ئایا چ وڵاتێک و چ دەستورێک ئەمە قبوڵ دەکات ؟

سزای ئەوکەسەی لە دەوڵەت و دام و دەزگای دەوڵەت هەڵدەگەڕێتەوە و مورتەد دەبێتەوە لە وڵاتان بەم شێوە سزادەدرێت:

لە ئەمریکا / بە کورسی کارەبای دەکوژرێت , لە ڕوسیا / دەخنکێندرێت

لە چین و کۆریا / دەتەقێندرێتەوە , لە ئەوروپا / زیندانی دەکرێت

لە ئێران / لە سێدارەی دەدەن , لە هەندێک وڵاتی تر / ٢٥ ساڵ زیندانی دەکرێت

کەواتە دینی ئیسلام لە پێشترە لە هەموو وڵات و هێز و خاکێک .. بۆیە حوکمی ئەوکەسەی کە لەدین هەڵدەگەڕێتەوە ، کوشتنە.

بەڵام ئەم حوکمە دوای چەندین ساڵ و چەندین دانیشتن و جەلسە و بەڵگە بۆ هێنانەوە و هۆکاری هەڵگەڕانەوە و ... هتد " ئەوکات حوکمەکە دەدرێت.

# گومانی (٤١)

## ئایا جێگەی گومان نیە ئەبو هورەیرە بەتەنها خۆی ( ٥٣٧٤ ) فەرموودەی گێڕاوەتەوە ؟

***

### وەڵـام

یەکێکی تر لەو گومانانەی مولحیدان دەی وروژێنن ، ژمارەی ئەو فەرموودانەیە کە ئەبو هورەیرە ( ڕەزای خوای لێبێت ) گێڕاویەتیەوە. گوایە ژمارەیان زۆرە و ناکرێت کەسێک ئەو هەموو فەرموودەیە لەبەر بکات و بیانگێڕێتەوە! بەڕاستی دووبارە دەڵێم گومانێکی زۆر منداڵانەیە!

ئایا نەتان بینوە لە ئێستادا لەهەندێک وڵات منداڵ هەیە تەمەنی ٨ ساڵ کەمترە هەموو قورئانی لەبەرە؟! کەسی واهەیە ( هەموو قورئان و هەموو بوخار و موسلیم ) ی لەبەرە.

لەکاتێکدا مرۆڤەکانی ئێستە بەهۆکاری تەکنەلۆجیا و هۆکارەجیاوازەکانی تر تەرکیز توانای لەبەرکردنیان کەمتر بوەتەوە. بۆیە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان توانا و تەرکیز و ئاستی لەبەرکردن و تێگەیشتن و زیرەکی مرۆڤی ١٤٤٥ ساڵ پێش ئێستە و مرۆڤی ئێستا بەدڵنیایی مرۆڤی ١٤٤٥ ساڵ پێش ئێستە توانایان چەند بەرانبەرە.

هەندێک مرۆڤ هەیە توانای تێگەیشتنی بەهێزە ، هەندێک توانای لەبەرکردن ، هەر مرۆڤێک و لەبوارێک توانای هەیە ناکرێت لەهەموو بوارێک سەرکەوتوبێت!

شتێکی زۆر ئاساییە ئەبو هورەیرە  پێنج هەزار فەرموودە لەبەربکات .. لەکاتێکدا ٢١ ساڵ لەناو ئیسلام ژیاوە. زانایان لێکدانەوەیان کردوە کە هەموو مانگێک ٢ فەرموو دەی گێڕاوەتەوە

بەراستی ئەمەش شتێکی قورس نیە و زۆر ئاساییە, ئەوەشمان بیرنەچێت لەناو ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویەتیەوە ١٣٠٠ فەرموودەی لەڕێگای هاوەڵانی ترەوە گێڕدراوەتەوە.

واتە هاوەڵانی تر هەمان فەرموودەیان گێڕاوەتەوە.

# گومانی (٤٢)

## ئایا ئیسلام بە هێز ( شمشێر و چەک ) و بە زۆر بڵاو بوەتەوە ؟؟

***

### وەڵـام

ئەم پرسیارە زۆر دەوروژێندرێت .. بێ ئاگا لەوەی ئەم پرسیارە بەڵگەیەکی بەهێزە بەدەست ئێمەی موسڵمان کە دینەکەمان دینی ئاشتیە و لە تەواوی سەردەمە جیاکاندا و لەکەتە جیاوازەکان بە ئاشتی و بێ زۆر لێکردن بڵاو بوەتەوە.

کام سوپای ئیسلام هاتە ناو ئەندەنوسیا و داگیری کرد؟ کە ئێستە گەورەترین ڕێژەی دانیشتوانی موسڵمانی تێدایە!کە زیاتر لە ٢ ملوێن موسڵمانی تێدایە. هەروەها مالیزیا ٪٥٥ دانیشتوانی موسڵمانن کام هێزی ئیسلام داگیری کرد؟کام سوپا چوە کیشوەری ئەفریقیا ؟

(plaain truthmagazine ) کام سوپا چووە نەرویج و سوید و ئەمریکا ... هتد ؟ڕاپرسیە لە ئەنجام درا بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاینەکان. دەرکەوت لە نێوان ساڵی ١٩٣٤ تا ١٩٨٤ کە دەکاتە ٥٠ ساڵ خێراترین ئاین بۆگەشەکردن ئیسلام بوو. لەئێستەشدا خێراترین ئاین لە فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا و چەندین وڵاتی تر  ئیسلامە. ئایا دەپرسین کەس زۆری کردوە لە بڵاوکردنەوە ئەم دینە بە چەک و بە هێز ؟ بە پێچەوانەوە هەتا ئەمرۆ زیاتر لە ٩ ملوێن مەسیحی لە خاکی عەرەبستانن کەس زۆری لێ نەکردون ئاینەکەیان بگۆڕن.

موسڵمانان زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ حوکم ڕانی هندستانیان کردوە تا ئێستەش زیاتر لە٪٨٠ خەڵەکەکەی ناموسڵمانن, ئەوانە نیشانەو بەڵگەی بەهێزن بۆ هەرکەسێک کە تێفکرێت و بزانێ ئیسلام سەراپا دینی ئاشتیە.

***

---

# گومانی (٤٣)

## ئەگەر لە بەهەشتدا ٧٢ حۆری بۆ پیاوان هەبێت

## ئەی چی بۆ ئافرەتان هەیە؟؟

***

## وەڵـام

**وەڵام :: ئەم پرسیارە زۆر دەکرێت .. ئەمە دەقی فەرموودەکەیە / عن مقدام بن معد كرب قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : (( للشهيد عند الله ست خصال : .........ويزوج اثنتين وسبعين زوجة من الحور العين ....)) رواه الترمذی ( ١٦٦٣ ) ،ابن ماجه (٢٧٩٩)**

**واتە : شەهید شەش تایبەتمەندی بۆی هەیە ....یەکێک لەوانە حەفتاو دوو حۆری بۆی هەیە لە بەهەشت..**

**بۆیە بە باشم زانی ئەو شتانەی کە دەدرێت بە ئافرەتان لە بەهەشتدا بەچەند خاڵێک ئامادەبکەم.**

**١- هەموو ئافرەتێک وەک چۆن لە دونیا ئازادە هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکات لە بەهەشتیش ئازادن.**

**٢- هەموو ڕۆژێک دیاری تایبەت لەلایەن خوداوە بۆی ئامادەکراوە و بۆی دەنێرێت.**

**٣- هەموو ئافرەتێکی بەهەشتی دەیان خزمەتکاری بۆ دانراوە.**

**٤- هەموو ئافرەتێکی موسڵمان وەک شاژنێکی لێدەکرێت و کۆشک و ماڵ و خزمەتکاریٔ پێ ئەدرێت بەپێی کردەوەکانی خۆی.**

**٥- خوای گەورە کە باسی ئەهلی بەهەشت دەکات,هەردوو ڕەگەزەکە ( ئافرەتان و پیاوان ) پێکەوە دێنێت.**

**٦- هەموو ئافرەتانی موسڵمان خودا بەچاوی سەریان دەبینن، کە دوای بینینی خودا ئیتر داوای هیچ ناکەن ، چونکە هیچ چێژێک نیە بگات بە بینی خودا.**

**٧- خودا لەگەڵ یەک بەیەکی ئافرەتان قسەدەکات و دەفەرموێت : چی داواکاریەکت هەیە؟ هەتا وای لێدێت هیچ داواکاریەکی نامێنێت .. بۆیە خودا خۆی بیری دەخاتەوە و دەفەرموێت : ئەوەشت پێ ئەدەم...**

**٨- هەموو ئافرەتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر دەبن.**

**٩- جارێکی تر ( پیری .. ئازار .. نارەحەتی .. بێزاری .. بۆ تەنها یەک ١ سانیە نارەحەتیەک نابینن)**

**١٠- لەکۆتایدا دەڵێم : پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەربێت ( سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ڕەفتەی سەری ئافرەتێکی بەهەشتی بهێنرێتە سەر ئەم دونیا تیشکی خۆر- مانگ-ئەستێرەکان دەشارێتەوە لە جوانی و پڕشنگیدا) باشە بۆ بیرناکەنەوە ؟!**

**ئەگەر سەرپۆشی سەری ئافرەتان ئەوەندە بەنرخ و بەپێزبێت! ئەبێ خۆیان چ نرخ و پلەو پایە و گەورەیی و جوانیەکیان پێ بدرێت؟!**

*******

---

# گومانی (٤٤)

## چۆن دڵنیابم محمد ﷺ خۆی نوسەری قورئان نیە ؟

***

## وەڵـام

پێش هەمووشتێک هەر کەسێک داهێنانێک بکات یان کتێبێک بنوسێت ، کە دەنگدانەوەیەکی هەبێت. بێگومان دەیخاتە پاڵ خۆی و شانازی پێوەدەکات کە داهێنان و نوسەرەکە خۆیەتی. بەتایبەت کتێبێکی وەک قورئان !! جێی سەرەنجە تەحەدای هەموو مرۆڤایەتی و هەموو جنۆکە دەکات ، لەبەرانبەریشدا ، نوسەرەکەی بڵێ : من نەم نوسیوە!

چەند خاڵێک بەکورتی و پوختی لەسەر ڕەتدانەوەی ئەو گومانانە کە پێغەبەر ﷺ قورئانی نوسیبێت:

١- خوای گەورە لەناو قورئان ڕەتی ئەوانە ئەداتەوە کە دەڵێن محمد خۆی قورئانی هەڵبەستوە، ئایەتی ٣٧ سورەتی یونس "چۆن دەکرێت کەسێک کتێبێک بنوسێت و ڕەتی خۆی بداتەوە ؟

٢- لەچەندین شوێندا قورئان ڕاستەوخۆ پێچەوانەی حەز و ئارەزوی محمدە ، وە سەرکۆنە و گلەیی و ڕەخنەی لێدەگرێت. بۆنمونە : لە جەنگی تەبوکدا هەندێک لە مونافیقەکان داوای ڕوخسەتیان لە پێغەبەرﷺ کرد .. پێغەبەر ﷺ ڕوخسەتی دان

خودای گەورە ، سەرکۆنەی کرد - التوبة ٤٣

هەروەها پێغەبەرﷺ نوێژی مردووی لەسەر مونافیقەکان کردقورئان  سەرزەنشتی کرد ! التوبة -١١٣

٣- پێغەبەر ﷺ  جگە لە قورئان چەندین فەرموودەی خۆی هەیە کە هەرگیز نەیداوەتە پاڵ خودا و لەهیچ ڕویەکیشەوە لە قورئان ناچێت نە لەڕوی ڕەوانبێژی نەلەڕوی ڕاکێشانی هەستی گوێگر و خوێنەر و کاریگەریەکەی.

**٤- له چەندین كاتی گرنگدا پێغەبەر ﷺ پێویستی بەوە بوە قورئان بەزووی بەرگری لێبكات**

**بۆنمونە لە ڕوداوی ( الإفک ) کە تیایدا دایکمان خاتوو عائیشە تۆمەتبار کرا.**

**ئەگەر پێغەبەر ﷺ خۆی نوسەری قورئان بوایە ئەوە بەزووی بەرگری لە شەرەفی خۆی دەکرد. بەڵام دوای مانگێک ئایەت دادەبەزێت , بەرگری لە پاکیەتی خاتوو عائیشە دەکات.**

**٥- لەچەندین شوێندا قورئان باس لەوەدەکات کە پێغەبەرﷺ نەخوێندەوار بوەجگە لەوەش ئەگەر محمد خۆی نوسەری قورئانە بۆچی دوای چواردە سەدە کەس نەیتوانی کتێبێکی ئاوا بنوسێت؟! ئایا زیرەکی و زانایی محمد تا ئەو ڕادەیە بوو؟ لەسەردەمێکدا کە دواکەوتوی جیهانی تەنی بوو نەک تەنها نیمچە دوورگەی عەروب؟!.**

*******

---

# گومانی (٤٥)

## بۆچی ئافرەتان زۆرینەی ئەهلی ئاگرن ؟

***

**وەڵـام**

**پێغەبەرمان ﷺ فەرموویەتی : زۆرینەی ئەهلی دۆزەخم بینی ئافرەتان بوو!**

**ئەمڕۆ ڕەنگە بەهەزاران کەس ڕەخنە لەم فەرموودەیە بگرن ، پێیان وابێت ناعادلانەیە**

**لەکاتێکدا ئەگەر سەیری واقیعی ئەمڕۆ بکەین .. ڕاستیەتی هۆکاری ئەو فەرموودەیەمان بۆ دەردەکەوێت !ڕاستە لە فەرموودەکەدا دووهۆکاری گرنگ دەستنیشان کراوە کە دەبنە مایەی ئەوەی ئافرەتان بچنە دۆزەخ**

**١- زۆر نەفرەت دەکەن.**

**٢- چاکەی مێردیان لەبەرچاو نیە.**

**بەڵام ئەگەر جگە لەو دوو هۆکارە سەیرێکی ئێستای سەرزەوی بکەین بزانین کێ هۆکارە بۆ زۆرترین کوشتن و مردن سەرت سوڕدەمێنێت کە ئافرەتانن!!**

**تەنها لەماوەی ٩ مانگدا ئافرەتان زیاتر لە ٣١ ملوێن کەسیان کوشتوە لە ڕێگەی لەبار بردنەوە!**

**کە هیچ ژمارەیەک ناتوانێ تەنانەت نزیکی ئەو ژمارەیەش بێتەوە!**

**ئەمەش ئامارەکانن:**

**ژمارەی مردوان لە  مانگی ١ هەتا ٢٥ / ٩ / ٢٠٢٠ لە جیهاندا بەم شێوەیەبووە**

■ڤایرۆسی کورونا : ٩٩٢ هەزار

■ئایدز : ١,٣ ملیون

■مشروب : ١,٨ ملیون

■جگەرە : ٣,٧ ملیون

■سەرەتان : ٦ ملیون

■برسیتی : ٨,٢ ملیون

■لەبار بردن : ٣١,٣ ملیون

سەرچاوەWorldometers :

***

---

# گومانی (٤٦)

## ئایا ئیسلام لە ئێستادا لە قەیراندایە ؟

***

### وەڵـام

لە نوێترین لێدواندا " ماکرۆن " سەرۆکی فەرەنسا لە دڵێکی پڕ لە قینەوە ووتی کە

( ئیسلام لەجیهاندا لە قەیراندایە) ئایا هەر بەڕاست ئیسلام لە قەیراندایە ؟!

ئەگەر ئیسلام لە قەیراندایە ، بۆچی تاکە ئاینە کە لەسەرجەم ڕاگەیاندنەکانی وڵاتانی خۆرئاوا هەوڵی ناشیرین کردنی ئەدرێت؟ بەڕاست بۆ ئاوا خۆیان بە ئیسلام سەرقاڵ کردوە؟

ئەو هەموو ترسە لە ئیسلام بۆ ؟ کێ لە قەیراندایە ؟ ئیسلام ؟ یان خودی خۆرئاوا و بەتایبەت وڵاتی فەرەنسا؟ بەڕاست ئیسلام لە قەیراندایە ؟ یان تاکی خۆرئاوا ؟

ئیسلامن لە قەیراندایە ؟ یان ئابوری خۆرئاوا لە قەیراندایە ؟ ئایا دەزانن ؟؟

زۆرترین ڕوبەری سەوزایی کە لەناو براوە خۆرئاوا هۆکارە ؟ ئایا دەزانن ؟

زۆرترین مرۆڤ کە کوژراون بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی, خۆرئاوا کوشتونی ؟

ئایا دەزانن ؟ زۆرترین ئاژەڵ کە لەناو براون خۆرئاوا هۆکارە ؟ زۆرترین جەنگ کە بەرپا بوە خۆرئاوا هۆکارە ؟ پێتان وایە ئەوەی خۆرئاوای هێشتوەتەوە چیە؟

تەنها تەکنەلۆجیاکەیەتی. لە دەوڵەتێکی وەکو فەرەنسادا ، ٧ دەقیقە جارێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئافرەتێکی فەرەنسی. وە ٣ ڕۆژ جارێکیش ئافرەتێکی فەرەنسی دەکوژرێت.

ئەوەشمان بیرنەچێ هەڵگیرساندنەوەی جەنگ بەتایبەت جەنگی جیهانی سێیەم" ئەوروپا هۆکارێکی سەرەکی دەبێت لە هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە. ئێستە کێ لە قەیراندایە ؟ ئێسلام یان ئەوروپا و دیموکراسیەکەیان ؟.

# گومان (٤٧)

## ئایا موسڵمانان بەردێکی ڕەش دەپەرستن ؟ ئایا هەمان عەقڵیەتی بتپەرستی عەرەبە و ماوەتەوە ؟

***

## وەڵـام

**یەکێک لەو گومانانەی کە مولحیدان دەیوروژێنن ، گوایە موسڵمانان بەردێک دەپەرستن. ئەگەر هەموو قورئان و فەرموودە و ووتەی سەحابی و مێژووی ئیسلام و کتێبەکانی زانایانی پێشین بگەڕێیت ، یەک ڕستە نادۆزیتەوە کە بڵێت ( موسڵمانان ئێوە بەردە ڕەشە کەبپەرستن و عیبادەتی بۆ بکەن)**

**ئیبن عەباس دەڵێ پێغەبەر ﷺ فەرموودیەتی :( واللّٰه لَيَبْعَثَنَّهُ اللّٰهُ يَوْمَ الْقِيامَةِ لَهُ عَيْنَانِ يُبْصِرُ بِهِمَا وَلِسَانٌ يَنْطِقُ بِهِ يَشْهَدُ عَلَى مَنْ اسْتَلَمَهُ بِحَقٍّ ) رواه الترمذی ٩٦١، وابن ماجه ٢٩٤٤**

**واتە : ( سوێند بەخوا لە ڕۆژی دوایدا خوا بەردەڕەشەکە دەهێنێتەوە مەیدان، دووچاوی هەیە پێی دەبینێت، زمانێکیشی هەیە قسەی پێدەکات، وە شاهیدی و گەواهی دەدات بۆ هەموو ئەوکەسانەی کە بە حەق و بێ ئازاردانی خەڵکی دەستیان لێداوە) وورد ببنەوە .. ئەو بەردە ڕەشە خودا خۆی دەهێنێتەوە مەیدان و شایەتی دەدات لە قیامەت. نەک بەردێک وەک خودا بپەرستێت. لە فەرموودەیەکی تر هاتوە دەنگی بانگ تا چەندێک بڕوات ئەوەندە دار و بەرد کە بانگەکە گەیشتوە پێیان دەبنە شاهید لە قیامەت.**

**کەواتە تەنها ئەو بەردە ڕەشە نیە بەڵکو هەموو داروبەردێکی تر سەربازی خودان.**

**بەڵام جیاوازی ئەو بەردە ڕەشە ئەوەندەیە ، کە لە بەهەشتەوە هاتوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە کە چەندین تایبەتمەندی جیاواز لەو بەردە هەیە**

**گرنگترینیان:**

**١- ناوی ملیاران مرۆڤی لەسەرە دوای ئەوەی پارچەیەکی بچوک خرایە ژێر لێکۆڵینەوەی زۆر ورد.**

٢- هەرگیز نوقمی ئاو نابێت و بەسەریەوە دەوەستێت، ناچێتە ژێر ئاو.

٣- هەرگیز نەخۆشی ناگوازێتەوە، ئەگەر ڕۆژانە چەندەها کەسیش دەستی لیَ بدات.

٤- ئەگەر بخرێتە ژێر پلەی گەرمی زۆر بەرزیشەوە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

پێویستە بیرمان نەچێت کە صەحابیەکانیش دەیان زانی کە ئەم بەردە نەسود نە زیانێکی بەدەست نیە وەک بیروباوەڕی پێشوو کە بەرد و داریان دەپەرست و پێیان وابوو کە خێر و شەڕی بەدەستە! ئەوەتا ئیمامی عومەر ( خودا لێی ڕازیبێت ) چوەلای بەردەکە و ماچی کرد و پاشان ووتی ( بەڕاستی من دەزانم کە تۆ لە بەردێک زیاتر نیت، نە دەتوانیت سود بگەیەنیت، نە دەتوانیت زیان بگەیەنیت ، وە ئەگەر پێغەمبەرم نەبینیایە ماچی کردیت ئەوە منیش ئێستا ماچم نەدەکردیت).

رواه البخاری ١٥٢٠ - و مسلم ١٧٢٠

هەر کەسێک باسی لەوەکرد کە موسڵمانان بەردێک دەپەرستن ،ئەوە جگە لە خۆ گێل کردن و چەواشە هیچی تر نیە! چونکە گەور و بچوک و زانا و نەزان و عەوامەکانی موسڵمانانیش هەموویان لێیان بپرسە کیَ دەپەرستن؟هەرگیز بەردە ڕەشەکە لە هزر و بیرو مێشک و دڵیاندا بوونی نیە. هەمووشیان بەو پەڕی باوەڕی تەواوەوە ڕاستەوخۆ دەڵێن ( الله ) دەپەرستین. کەواتە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەنامەو پرۆگرام و مەنهەجی ئیسلام وای فێرکردوین کە جگە الله هاوار و عیبادەت و پەرستشمان بۆ کەسی تر نەبێت.

***

# گومان (٤٨)

## ئایا دروستە بۆ تاوانێک لە زەمەنێکی کورت و کەم دا ( دونیا ) ، سزایەکی ئەبەدی ڕۆژی دوایی و دۆزەخێکی هەتا هەتایی دابنرێت؟

***

## وەڵـام

**ئەگەر سەیربکەین لەژیانی دونیا ، کاتێک کەسێک تاوانێک دەکات یان کەسێک دەکوژێ ، کاتی تاوانەکە ڕەنگە ( پێنج خولەک ) بخایەنێت. بەڵام لە کاتی دادگایدا سزاکەی بۆهەمیشەیە و تائەبەد لە زیندان دەمێنێتەوە !**

**کەواتە یاسایی سزادان لەسەر ئەساسی زەمەن ( کات ) نیە . بەڵکو هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی تاوانەکە و چۆنیەتی و هۆکارەکانی دەکرێت نەک کاتەکەی.**

**لەبەرانبەردا ئەگەر سەیربکەین .. خوای گەورە لەبەرانبەر چاکەیەکی کەم و بەندایەتیەکی کەم لە زەمەنێکی زۆر کورتدا ، خوای گەورە پادشتێکی ئەبەدی ئامادەکردوە.**

**کەواتە چۆن سەرسامیت بەوەی لەبەرانبەر تاوانێک لە ماوەیەکی کەم دا سزایەکی هەمیشەیی هەیە.**

**پێویستە سەرسامیش بیت بەوەی کە لەبەرانبەر چەند چاکەیەکی زۆر کەم پاداشتێکی زۆر گەورە دەدرێیتەوە.**

**بۆچی حەق نادەیت بەوەی کە خودا ( عەقڵ و ژیری و ڕێز و نیعمەتی جۆراو جۆری ) پێ بەخشیویت! دونیایی بۆتۆ موسەخەر و بەردەست کردوە.**

**لەبەرانبەر داوای چەند شتێکی زۆر کەمی لێت کردوە و پێشتی ووتوە پاداشتێکی ئەبەدەی و گەورە و بێسنوری بۆئامادەکردویت.**

**پەیامی بۆناردویت ،، پاشان سزای داناوە و پێشی ووتوی و ئاگاداری کردویتەوە کە سزاکە هەمیشەییە و پاداشتەکە هەمیشەییەکەواتە ئەم پرسیارە مەنتیقی نیە و هەڵەیە.**

# گومان (٤٩)

## بۆچی مۆسیقا و گۆرانی  حەرامە ؟

***

## وەڵـام

لەئێستادا مۆسیقا و گۆرانی ئەوەندە بەربڵاو بوە بەشێوەیەکی لێهاتوە کە ناچار بەشێکی زۆر لە موسڵمانان حەڵاڵیان کردوە! ئایا دەزانن مۆسیقا کاریگەری زۆر خراپی هەیە بۆسەرمێشک؟

کاتێک کەسێک خەمی هەیە و گوێ لە مۆسیقا دەگرێت ئەوە خەمەکەی ئەگەر ٥%  بێت .. مۆسیقا ڕێژەی دەکات بە ٥٠%

کاتێک کەسێک گوێ لە مۆسیقا دەگرێت لایەنی عاتیفی بەهێزدەبێت و لایەنی هزر و بیرکردنەوەی زیاد لەحەد لاواز دەبێت! بۆیە مێشکی تۆ لەکاتی گوێگرتن لە مۆسیقا تواناى بیرکردنەوەی زۆر لاواز دەبێت چونکە لایەنی عاتیفی پێویستی بە وزەی زیاترە لەوکاتەدا ، ناچار لایەنی بیرکردنەوە و لۆژیکیت ووزە کەمتر سەرف دەکات و دەینێرێت بۆ بەشی عاتیفیت.

هەربۆیە مارشە نەتەوەی و سروودە نیشتمانیەکان هەموو مۆسیقای حەماسی تێدابە کار هاتووە ، تا لایەنی عاتیفی خەڵکی زیاد لەحەد بوروژێنن. مۆسیقا هۆکارێکی سەرەکی و گرنگە بۆتێکدانی مێشک و میزاج ، بەتایبەتی ئەگەر زۆر گوێی لێبگریت و ئالودەبیت پێیەوە.

حەرامیەتی گۆرانی لەبنەڕەتدا بۆ ووشەکانی دەگەڕێتەوە! ئەگەر ووشەکانی باسی ئافرەتی تێدابوو ، یان ووشەی کوفری تێدابوو یان هەر ووشەیەکی نەشیاو ئەوە بەدڵنیایی حەرامە و فەرموودەی لەسەرهاتوە,کێ لەئێمە قبوڵی دەکات کەسێک کۆمەڵێک ووشە ڕیزبکات و بەسەر کەس و کارماندا یان خێزانماندا هەڵی بدات؟بەدڵنیاییەوە هیچ کەس ئەوە قبوڵ ناکات. دەی کاتێک کەسێک گۆرانی دەڵێ گومانی تێدانیە بەسەر ئافرەتان هەڵی ئەدات کە ئافرەتانیش هەر کەسوکاری ئێمە دەگرێتەوە.

ئەمە جگە لەو هەموو ووشەکوفریانەی کە بەکاری دەهێنن!

# گومان (٥٠)

## بۆچی هەمیشە هەستی ترسان و تیرۆر و زەبوونی لکێنراوە بە ئیسلام و موسڵمانانەوە ؟

***

### وەڵـام

بەداخەوە .. هەستی زەبوونی بۆ موسڵمانان دروستکراوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناحەزان و مولحیدان و عیلمانیەکانیش ووشەی ( ئیسلام ) لەگەڵ ووشەی ( تیرۆر ) بەکاردەهێنرێت , پێویستە تاکی موسڵمان چیتر ڕێگەنەدا بە بەرانبەرەکانی ووشەی تیرۆر لەگەڵ ئیسلام بەکاربهێنن.

چونکە ناحەزان لەم ڕێگەیەوە توانیویانە گرەوەکە ببەنەوە، وایان لە جیهان ناساندووە کە باسی ( ترس و تۆقاندن و تیرۆر و کوشتن و بڕین و سوتان ...هتد ) کرا

ڕاستەوخۆ ئیسلام بەدوایدا بهێنن یان ئیسلام بخزێننە ناو بابەتەکەوە!

هەر بۆیە بەداخەوە تاکی موسڵمان والێکراوە کاتێ کەسێک دەبینێ ، خێرا بۆی ڕوندەکاتەوە کە ( ئیسلام دینی ئاشتیە و دورین لە توندو تیژی و ئێمەوانین کە ئەوان واباسمان دەکەن و هتد ) بەداخەوە خۆمان دەخەینە زاویەکەوە کە ڕێگە بە ناحەزان دەدەین قەسفمان بکەن.

ئەگەر ووشەی تیرۆر لە مەجلیسێکدا بەکاربهێنێت دڵنیابە هەموو ئەوانەی لەمەجلیسەکەدان ڕاستەوخۆ کەسێکی (ڕیشدارو مزگەوت و ئیسلام) لەمێشکیاندا دروست دەکەن! ئەمە بەهۆی ئەوەی زۆرترین کار لەسەر ناشرینکردنی ئیسلام کراوە.

***

---

# گومان (٥١)

## ئایا لە مێژووەوە تا ئێستا باڵانسی هێز ئیسلامی هێشتەوە؟

## باڵانسی هێزبوو پەیامی ئیسلامی بڵاوکردوە لە جیهاندا ؟

***

## وەڵــام

پێویستە ئێمەی موسڵمان ئەم تانەو تەشەرە کە بەرانبەرمان بەکاری دەهێنن ئێمە بیکەینە خاڵێکی گرنگ بۆ لێدان لە ناحەزان.ئەگەر بێێن لێکدانەوەیەک بۆ ئەو جەنگانەبکەین کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام کراوە ,ئەگەر سەیری باڵانسی هێزەکان بکەین بەراستی جگە لە موعجیزە هیچی تر نابینین!

ئامارەکان بەم شێوەیەن:-

جەنگی بەدر / ( سوپای ئیسلام ٣١٤ کەس - سوپای کافر ١٣٠٠ کەس)

جەنگی ئوحود / ( سوپای ئیسلام ٧٠٠ کەس - سوپای کافر ٣٠٠٠ کەس)

جەنگی ئەحزاب / ( سوپای ئیسلام ٣٠٠٠ کەس - سوپای کافر ١٠,٠٠٠ کەس)

جەنگ موئتە / (سوپای ئیسلام ٣٠٠٠ کەس - سوپای ٢٠٠,٠٠٠ کەس)

جەنگی تەبوک / ( سوپای ئیسلام ٣٠,٠٠٠ کەس _ سوپای کافر ٤٠,٠٠٠ کەس)

ئایا دەزانیت گرنگترین هۆکار چیە کە هەمیشە ژمارەی سەربازانی موسڵمانان کەمتر بوە بە بەراورد بە ژمارەی کافران؟ تا بیسەلمێنێت ئەم پەیامە ، ئەم دینە ، لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە بڵاونەبوەتەوە بە جیهاندا. بەڵکو پەیامێکە کە دەستێکی ئاسمانی و ئیلاهی لەگەڵدایە .. لەدەرەوەی قودرەت و توانای مرۆڤەکاندایە. تا ببێتە بەڵگەو نیشانەیەکی بەهێز بۆئەوانەی ژیرن و فکریان دەخەنەکار و بیردەکەنەوە و ورد دەبنەوە لە ڕوداو و نیشانە و بەڵگەکان.

# گومان (٥٢)

## موسڵمانان چی داهێنانێکیان کردوە ؟

***

### وەڵــام

**وەڵام / ئەوەی جێگەی داخە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرترین قسەمان لەسەر دەکرێت کە گوایە ئێمەی موسڵمان ئەوەی هونەر و زانست و مەعریفە و داهێنانێ لە بوونماندا نیە! بەپێچەوانەوە وا موسڵمانانیان ناساندوە بە جیهان کە دژی زانستن و دژی داهێنان و تاریک بین و ئیرهابین و هەر خەریکی کوشتن و بڕین و تەقینەوە و توند و تیژی و وەحشی گەرین، بەشێوەیەک وێنای موسڵمانیان کردوە کە بەریشێکی درێژ و عابایەکی ڕەش و چڵکن و ترسێنەرن! داخێکی گەورەیە کە مێژووی خۆت نەزانی!**

**ئێستە تۆی خوێنەر ڕەنگە ئەم داهێنانانەی کە لەخوارەوە ریزم کردون بەلاتەوە شتێکی پێکەنیناوی بێت! بەڵام ئەوە مشتێکە لە خەروارێک:-**

***- تازەترین داهێنان لەساڵی ٢٠٢٢ کچێکی موسڵمانی سۆماڵی، داهێنانێکی پزیشکی پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات نوور قوتایی دکتۆرا لە سۆماڵ، داهێنانێک دەکات بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی دڵ کە گەڕانەوەی خوێنە و پێی دەوترێت(Aortic Insufficiency)**

***- دۆزینەوەی کامێرا / لەلایەن زانای موسڵمان ( ئیبن هەیسەم ، ساڵی ٩٦٥میلادی)**

***- گەورەترین کتێبخانەلەجیهاندا ( کتێبخانەی شاری بەغداد - بۆماوەی ٥٠٠ ساڵ لە هەمووجیهاندا یەکەم بووە- ژمارەی کتێبەکانی ناوی لەژمارە نەهاتوو بوە)**

***- چەندین کتێبخانەی گرنگ و گەورەی تر کە لەجیهاندا گەورەترین کتێبخانە بوون**

**( کتێبخانەی قاهیرە - کتێبخانەی تەرابلوس)**

***- یەکەم خەستەخانە کە لەهەموو جیهاندا دروستکراوە لەساڵی ٧٠هیجریدا دروستکراوە لەسەردەمی ( وەلیدی کوڕی عبدولمەلیک ) ئەوکەسەی دروستی کرد ناوی ( مەقریزی ) بوو.**

*- دامەزراندنی نەخۆشخانەی فێرکاری لە لایەن / زانا ، ئەبو بەکری ڕازی

*- دروستکردنی ٢٠٠ ئالەتی نەشتەرگەری لەلایەن / لەلایەن زانا ، ئەبو قاسمی زەهراوی

زۆربەی ئەم ئالەتانە لەلایەن ولآتانی ئەوروپا دزران.

*- بەکارهێنانی دەرزی بۆ دەمار ، بۆیەکەم جار لە جیهاندا / لەلایەن زانا ، ئەبو قاسمی زەهراوی.

*- داهێنانی دووربینی نەشتەرگەری بۆیەکەم جار لە جیهاندا / لەلایەن زانا ، ئەبو قاسمی زەهراوی.

*- دۆزینەوەی سوڕی خوێن / لەلایەن زانا ، ئیبن نەفیس

*- دروستکرنی تەشریعی چاو / لەلایەن زانا ، ئیبن هەیسەم

*- حەوت سەدە لەجیهاندا کتێبەکانی موسڵمانان سەرچاوەی زانستی پزیشکی بوون

*- یەکەم کەس کە زانستی جوگرافیای داناوە لە جیهاندا بریتیەلە  زانایەک بەناوی / ئیدریسی

*- دروستکرنی شێوەی زەوی لەسەر تۆپێک بۆیەکەم جار / لەلایەن زانا ، ئیدریسی

*- ٢٠ساڵ پێش کریستۆفەر کۆلۆمبۆس زانای موسڵمان( موحێدین رەئیس ) لەساڵی١٥١٣ وەفاتی کردوە - نەخشەی هەردوو ئەمریکای کێشاوە.

*- زانای فەلەک ناس ( بەتتانی ) لە ساڵی ٩٢٩میلادی دەستنیشانی کردوە کە ساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و ٥ سەعات و ٤٦ خولەک و ٣٢ چرکەیە.

*- یەکەم کەس کاتژمێر دروست بکات / زانا عەباسی کوڕی فەرناس.

*- داهێنانی فڕۆکە / عەباسی کوڕی فەرناس کردوویەتی.

*- زانا ( جابری کوڕی حەیان / توانیویەتی زانستی کیمیا بەرەو پێش ببات.

*- زانا بەیرونی , وەزنی جۆریەکی ئاڵتونی دیاری کرد.

***- ئایا دەزانن فیزیا ، موسڵمانان دۆزیویانەتەوە**

***- یەکەم کەس کە مەکینەی دروستکرد بەئاو کاری دەکرد ،زانا / بەدیع و زەمان نازناوی جەزیری وەرگرتوە.**

***- داهێنانی قەڵەم موسڵمانانن**

***- داهێنەری ژمارەکان ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ... تادوایی ، هەروەها جەبر و موسەلەساتی هەندەسی زانای پایەبەرز ( خەواریزمی دایهێناوە).**

***- سێ ژەمی نان خوردن بەیانی-نیوەرۆ- ئێوارە ، موسڵمانان دایانهێنا**

**هەندێک دایانهێنی تر بە کورتی تا درێژە نەکێشێت**

**بەتانی - حەمام - ساردی - جوانکاری ئافرەتان - خۆشنوسین- کاغەز و قوماش - فڵچەی ) ددان - عەینەک - فەرش - باخ - ئاش - نوێکاری بیناسازی - قفڵ بەکۆد- شەترەنج - سابوون - عەطر - سەلاجە - تابلۆی دروستکردنی شار.**

***

---

# گومان (٥٣)

## تاوانی منداڵ چیە ؟ کاتێک تاقی دەکرێتەوە بە ناخۆشی ؟

***

### وەڵـام

وەڵام / منداڵ کاتێ توشی هەر ئازار و نارەحەتیەک دەبێت جا بێ دایک و باوکی یان بێ پارە و بێ ژیانێکی شایستە و هەژاری و نەداری یان نەخۆشی و کەمئەندام بوون یان هەر ئازار و ئیبتیلایەک ئەتووشی دەبێت، پەروەردگار دەیکاتە توێشوویەک بۆی و هەڵی دەگرێت بۆ ئەو رۆژەی کە لەهەمووکات زیاتر پێویستیەتی، بەبەڵگەی فەرموودەی سەروەرمان دەفەرمووێت ( هیچ ئازارێک نیە کەدێتە رێگای موسڵمان تەنانەت درکێک دەچێت بە جەستەیدا لەبەرانبەردا خێرێکی بۆ دەنوسرێت و تاوانێکی لێهەڵدەوەرێت) ئاشکرایە کە منداڵ بێتاوانە بۆیە زۆرترین خێر و چاکەی بۆ کۆدەبێتەوە لەبەرانبەر ئەو نارەحەتیانە.

هەروەها ئەو تاقیکردنەوەی توشی منداڵ دەبێت زۆرجار تاقیکردنەوەیە بۆ خێزانەکەشی واتە دایک و باوک و خوشک و برا و خزم و کەسی تاقیدەکرێتەوە بە نارەحەتی ئەو منداڵە تا چەند هاوکاری دەکەن و بەدەمیەوە دەچن و تاچەند خۆڕاگردەبن و ناشوکری ناکەن لەسەر ئازار و نارەحەتیەکانی ئەو منداڵە کەواتە خودی نارەحەتیەکانی منداڵ ، تاقیکردنەوەیە بۆ دەوروبەری.

***

---

# گومان (٥٤)

## ئەگەر لە قیامەت حساب و کتابی عەبدەکان دەکرێت کەواتە بۆ لەناو گۆڕدا سزادەدرێین؟خۆ حەق و حساب دەستی پێنەکردوە  کەواتە پێش حەق و حساب سزا بۆچی؟!

***

## وەڵـام

**سزا لەناو گۆڕ بەدەق ئایەت و فەرمووده جێگیر و پشتڕاست کراوەتەوە و مردوان لەناو گۆڕ سزادەدرێن ، ئەم سزایەش بۆ چەند جۆرێک مرۆڤە:-**

**١- کەسانی کافر : کەسی کافر چ لەناو گۆڕ و لە قیامەتیش حەق و حسابی لەگەڵ ناکرێت ، چونکە هیچ کردەوەیەکی نەبوە تا حەق و حسابی لەگەڵ بکرێت و لەدونیا هیچ حسابێکی بۆ الله نەکردوە و بڕوای پێی نەبوە ئیتر تەرازوو بۆ کام کردەوە و بیرو بڕوای دابنرێت، نەخێر هەموو کەسێکی کافر و ئەهلی کتاب و مولحید و موشریکەکان بەبێ حساب بۆکردنیان ڕاستەوخۆ ڕاپێچی دۆزەخ دەکرێن.**

**کەواتە ئەم جۆرەیان لەگۆڕدا سزای پێشوەختەیان بۆهەیە چونکە بڕواتان بە قیامەت و گۆڕ و زیندو بونەوە نەبوە و لەسزای بەردەوامدان.**

**٢- موسڵمانێکی تاوانبار : ئەم جۆرەیان ڕاستە تاوانبارێکی زۆر گەورەیە و شایانی سزایە بەڵام موسڵمانە ، کەواتە بۆ سزادەدرێت و ناوەستێنرێت تا کات و ساتی حسابەکەی دەستپێدەکات؟**

**لەبەر کۆمەڵێک هۆکار سزا دەدرێت ،بەهۆی ئەو سزایەوە هەندێک جار هەتا کاتی هەستانەوەی بۆ قیامەت هیچ تاوانێکی پێوەنەماوە و بەهۆی سزاکەیەوە پاک بوەتەوە.**

هەندێکی تریان راستە بەتەواوی پاک نابێتەوە بەڵام باری سەرشانی تارادەیەک سوک دەبێت و تاوانەکانی کەمتردەبێتەوە.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە خودای بەرەحم عەبدەکانی خۆشدەوێت و نایەوێت بەتاوانەوە بگەنەوە بە رۆژە سەختەکەی قیامەت

چونکە رۆژی قیامەت سەخترین ساتە کە مرۆڤایەتی پێدا تێدەپەرێت و ٥٠ هەزار ساڵ دەوەستێندرێن و شێوازێکی ئابروبەرانەیە ئەگەر بەو هەموو تاوانەوە کەس و کار و خزم و کەسەکانی بیبینن بۆیە لەگۆڕدا پاک دەبێتەوە.

کاتێک دەگاتەوە بە اللہ و پاک بوەتەوە زۆر دڵخۆشە کە بەهۆی سزاکانی گۆر پاک بوەتەوە و لەبەردەم بەدیهێنەرەکەی شەرمەزار نابێت و هەستدەکات گەورەترین بەخشش و رەحمەتی پێدراوە.

بەراستی ئەگەر وردتر سەیری سزای گۆڕ بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە گەورەترین حیکمەتی لەپشتە بۆ موسڵمانان تا لەسەخترین کات و ساتدا کە پەروەردگار تورەبوونێک تورە دەبێت لە قیامەت هەرگیز واتورەنەبوە و نابێت لەوساتەدا بەپاکی ئامادەبێت گەورەترین بەختەوەریە.

لەفەرموودەیەکدا ئاماژە بەوەکراوە کە خودا عەبدێکی رادەگرێت و پێی دەڵێی فلان رۆژ ئەوەت نەکرد؟ ئەوەت نەکرد؟ هەتا وای لێدێت عەبدەکە دەڵێ خودایە بمخەرە ناو ئاگری دۆزەخ بەس ئیتر تەریقم مەکەرەوە و کردەوەناشرینەکانم مەدەرەوە بە چاوما کەواتە لەم فەرموودەوە بۆمان دەردەکەوێت پاکبونەوەی تۆ لەناو گۆڕ گەورەترین نیعمەتە بۆ ئامادەبونت لە قیامەت و لەبەردەم دروستکارەکەت.

***

---

# گومان (٥٥)

## سعودییەی عەرەبی بە هۆکاری حەج و عومرە سودێکی مادیی ئێجگار زۆری کردوە بەشێوەیەک ساڵانە دەگاتە ( ١٢ ملیار دۆلار) ! ئەگەر هەر ساڵێک و حەج لە وڵاتێکی ئیسلامی بوایە ئایا سود بەخشتر نەبوو بۆ سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی؟ تا هەموو وڵاتانی ئیسلامی بەشداربن لەو بەرەکەت و خێرە؟!

***

## وەڵـام

مرۆڤ بونەوەرێکی بەرژەوەند خوازە و بەسرووشتی خۆی بیر لەمادە ئەکاتەوە و هەموو بەرنامەو یاسا و پرۆگرامەکان کە مرۆڤایەتی بۆخۆی دروستکردوە و ڕیکلامی بۆدەکەن هەموویان بۆ بەرژەوەندی گروپێک و لایەنێک بەدیهاتوون وە هەمووشتێک پەیوەست دەکەن بە مادەوە. بەڵام ئاینی ئیسلام لەبەرانبەردا خزمەت پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکات بەگشتی و ڕەحمەتێکە بۆ تەواوی جیهان و بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هاتوە.

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بە کورت و پوختی بدەینەوە بۆچی حەج هەر ساڵێک لە وڵاتێکی ئیسلامی ناکرێت تا هەموو وڵاتان سودیان پێبگات.

بەم چەند خاڵە وەڵام دەدەمەوە:

١- بۆ پاراستنی ئیسلام لەروی عەقیدەیەوە و پەرت نەبوونی دینەکە چونکە گۆڕانکاری لە شوێنی حەج هۆکارێکە بۆ پەرتەوازەیی و دروستبوونی دەیان گروپ و ڕێڕەوی تری دینی و هەریەکەیان بەگوێرەی و سرووشت و عورفی وڵاتی خۆی کۆمەڵێک یاسا و رێساکانی دەستکاری دەکرد.

**٢- مەراسیمەکانی حەج هەموویان بە هۆکارێک و بەروداوێکی حەقیقی فەرزکراون و دەیان حیکمەتی لەپشتەوەیە و گۆرانکاری لەحەج لەولاتێک بۆ ولاتێکی دیکە هەرگیز ئەو بەهاو گرنگیەی حەجی نەدەهێشت کە بەدەق ئایەت و فەرموودەکان فەرزکراوە.**

**٣- حەج سەنتەرێکە بۆ هەموو موسڵمانان کە لەجیهانەوە ڕووبکەنە سعودیە و یەکتری بناسن ، ئەگەر لەحەج نەبێت تۆ تا دەمریت هەرگیز ناتوانیت سەرجەم ولاتانی ئیسلامی و ئەوروپا و کیشوەرەکانی دیکەش ببینیت و هەموو ولاتان بگەڕێیت، بەڵام کاتێک دەچیتە حەج خەڵک و دانیشتوانی سەرجەم ولاتانی دیکە دەبینیت و دەناسیت و لەیەک کاتدا وەک ئەوەیە سەردانی هەموو جیهانت کردبێت ، نەک هەر ساڵێک و سەردانی ولاتێک بکەیت بۆ حەج یان عەمرە.**

**٤- لەروی مادەوە ئەگەر سەیری بکەین بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەگەر حوکمێکی ئیسلامی و شەرعەت جێبەجێ بکرێت پێویستە هەرساڵێک داهاتی حەج بۆ ولاتێکی هەژاری موسڵمان سەرفبکرێت و هاوکاریان بکرێت ، هەرچەندە ئێستاش هاوکاری دەنێردرێت بۆ هەندێک ولاتی وەک سۆماڵ و ولاتانی تری هەژار بەڵام بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زاڵمەی حوکم دەکات و داهاتەکەی لەبەر دەستە وەک پێویست ئەو داهاتە ناگاتە موسڵمانانی شایستە.**

**٥- بەپێی شەریعەتی ئیسلام کرێی حەج و مەسرەفی حاجیان لەئەستۆی خەلافەتی ئیسلامیە و نابێت پارەیان لێ وەربگیرێت و بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت هەموو کرێکە لەئەستۆی خەلافەت بێت.**

**٦- لەتەواوی سیستمە جیهانیەکاندا (٣) سێ سیستەم هەیە:**

**یەکەم / ( پەیام + کەسایەتی ) لەخزمەتی مادەدایە نمونە وەک نوسەرە ناودارەکان و ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و هتد هەموویان بۆ خزمەتی مادەن.**

**دووەم / ( مادە ، پەیام ) لەخزمەتی کەسایەتیەکاندایە**

**زۆرتر ئەم سیستەمە لە کیشوەری ئاسیا بەدی دەکرێت وەک پەیام و بەرنامە و مادە و سەرمایەکان لەخزمەتی سەرکردەکان و پیاوە ئاینیەکان و شێخ و سەرۆک خێڵ هتد دایە.**

**سێیەم / تاکە سیستەم کە  ( کەسایەتی ، مادە ) لە خزمەتی بە پەیام دابێت ئەویش پەیامی ئیسلامە.**

**نمونە عومەری کوڕی خەتاب خاوەنی کەسایەتیەکی زۆر گەورەی بوو بەڵام جلەکانی هەمووی پینەبوو بۆخزمەتی ئیسلام، هەروەها عوسمانی کوڕی عەفان خاوەنی مادەیەکی زۆر بوو بەڵام خستیە خزمەتی ئیسلام.**

**کەواتە ئیسلام بیر لەمادە ناکاتەوە تا ئێمە پێمان وابێت حەج بۆ خزمەتی ناوچەیەکی دیارکراو دانراوە نەخێر بەپێچەوانەوە ئیسلام بۆخزمەتی تەواوی مرۆڤایەتی دانراوە.**

***

---

# گومان (٥٦)

## چی دەڵێیت ئەگەر دوای مردن زیندوبونەوە و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ بوونی نەبوو ؟

***

### وەڵـام

**ئیماندار هەرگیز لەسەر گریمانە نەژیانەوە جیالەوەش زیاتر لەخۆی دڵنیایە لە بوونی خودا و ڕۆژی دوایی بەڵام ئەگەر بێین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینە..**

**دامانىا دوای مردن زیندو بونەوە نەبوو..**

**ئیماندار چی زەرەرێکی کرد ؟**

**ئایا خۆش نەژیا ؟**

**لەکام خۆشی دونیا بێ بەش بوو؟**

**ئایا ئیمانداریەکەی لەچی شتێک بێبەشی کرد؟**

**ئەزانی ئەمەوێ پێت بڵێم ئیماندار زۆر لەتۆی مولحید خۆشتر ژیانی کرد!**

**ئەزانی کاتیک ئیماندارێک توشی نارەحەتی و ئازار و مردنی خۆشەویستان و نەخۆشی و فەقیری و بێکاری و نەهامەتیەکانی دونیا دەبویەوە دڵی بەوە خۆش دەبوو کە خودایەکی هەیە و حەق بۆ دەکاتەوە و لەبیری ناکات و ئەجری بۆ دەنوسێت لەبری ئەم نارەحەتیانە. بەڵام تۆی مولحید یان خۆت دەکوژیت یان پەنات بۆ مادەی بێهۆشکەر و سەرخۆشکەر دەبرد.**

**ئەگەر پرسیارەکەی خۆت پێ مەنتیقیە ئەوە چاوەڕوانی ئەم وەڵامە مەنتیقیانەش بکە ،**

**ئەوە موسڵمانی ئیماندارە کە ژیانێک بەسەردەبات کە پڕیەتی لەئارامی ڕۆح و سوکنایی دەرونی هەر لەم ژیانی دونیایەدا. ئەوە تۆی مولحیدی کە پەنا بۆ دەیان ڕێگای خراپ دەبەیت تا ئارامی**

**بۆ مێشک و دەرونت بهێنیت  داتاکان شاهیدن کە ڕێژەی خۆکوشتن لەوڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی عەلمانی چەند بەرزە!**

**١- دوایین ئاماری حکوومەتی ئەمریکا دەریدەخات کە لە ساڵی ٢٠٢٣ خۆکوشتن کە بووەتە هۆی مردن لەم ووڵاتەدا گەیشتووەتە ٥٠ هەزار کەس.**

**وەزیری تەندرووستی ئەمریکا ڕایگەیاند : لە کۆی ١٠ ئەمریکی ٩ کەس پێیان وایە ئەم ووڵاتە ڕووبەڕووی قەیرانی تەندرووستی دەروونی بووەتەوە.**

**٢- لەسویسرا ئامێری تایبەت بەخۆکوشتن بەیاسا جێبەجێکراوە.**

**٣- کۆریای باکور یەکەمین وڵاتە کە ڕێژەی خۆکوشتن تێیدا لەسەر ئاستی جیهان زۆرترینە.**

**٤- لەیابان دارستانێکی تایبەت هەیە کەناونراوە بە دارستانی خۆکوشتن تیایدا  زۆرترین کەس خۆیان دەکوژن. لەساڵی ٢٠٢٠ لەیەک مانگدا ٢٠٠٠ هەزار کەس خۆیان کوشت!**

**٥- سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی لە بەرزی ڕێژەی خۆکوشتن هەمیشە لەڕیزبەندی پێشەوەیە کە خۆشترین وڵاتە بەڵام دەرونیان خاڵیە لە نوری ئیلاهی.**

**پێش ئەوەی کۆتایی بەوەڵامەکەم بهێنم، بامنیش یەک پرسیار لەتۆی مولحید بکەم:**

**ئەوەسەلماندمان کە ئێمەی ئیماندار هیچ زەرەرێکمان نەکردوە لە باوەڕبونمان بە ڕۆژی دوایی بەڵام بچوکترین ئیحتیمال دابنێ کە ڕۆژی دوایی بوونی هەبوو ئایا ئەوکات تۆ چی دەکەیت ؟ وەڵامت چی دەبێت؟**

**کەواتە لەهەردوو ئەگەرەکەدا ئیماندار براوەیە و کەسی مولحید لەهەردوو ئەگەرەکەدا دۆڕاوە.**

**ئەوەشمان بیرنەچێت کەئێمەی موسڵمان هەرگیز لەسەر بنەمای ئەگەر و گریمان ئیسلاممان هەڵنەگرتووە بەڵکوو یەقینی تەواو و تەواومان پێی هەیە.**

*******

---

# گومان (٥٧)

## ئایا خودا دەتوانێت خۆی بکوژێت؟ ئایاخودا دەتوانێت خودایەکی دیکە دروست بکات؟

***

## وەڵـام

زۆر لەم پرسیارانە بەخەیاڵی هەریەکێکدا دێت کە گومانی تێدانیە ئەم جۆرە پرسیارانە لەوەسوەسەی شەیتانەوەیە و پێویستە لەم کاتانەدا پەنا بە الله بگرین لە شەیتان و وەسوەسەکەی ..

گومانی تێدانیە خودا لە قورئاندا دەفەرموویێت : إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.

واتە / پەروەردگار توانای بەسەر هەمووشتێکدا هەیە.

بەڵام کاتێک دێتەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە کە کۆمەڵێک پرسیاری بێ مانان دەتوانین بەم شێوەیە وەڵامی بدەینەوە:

ئەگەر لەکەسێکی زانا و پسپۆڕ و مامۆستا بپرسیت و پێی بڵێیت ئایا تۆ دەتوانیت نەزانبیت؟

وەڵامی چی دەبێت؟ یان لەکەسێکی ژیروهۆشمەند بپرسیت ئایا تۆ دەتوانیت گێل و نەفام بیت؟ ئایا وەڵامی ئەو کەسە چی دەبێت؟

ئێستە بۆت دەرکەوت کە پرسیارەکەت چەندە بێمانایە؟

بەڵێ دەتوانن ئەوکارە بکەن بەڵام ئەوە (کەمی و نوقسانی)ە , بۆچی خۆت نزمدەکەیتەوە بۆ ئەو ئاستە نزمە؟!

ئەی پەروەردگارێکی خاوەنی هەموو بونەوەر کە هەموو تەواوی و کامڵی و گەورەییەک هەر لەخۆیدایە و هیچ کەم و کوڕیەکی نیە , ئایا دروستە ئەم پرسیارە بکرێت؟!

# گومان (٥٨)

## بۆچی زۆرترین ڕەخنە لە فرە ژنی دەگیرێت؟

***

### وەڵـام

هەندێک لە ڕەخنەکان لە لایەن ئەو کەسانەیە کە بێدینن و ناحەزن بە ئیسلام هەربۆیە ئەم بابەتە دەقۆزنەوە بۆ لێدان لە ئیسلام, هەندێکی تر لە ڕەخنەکان لەلایەن بەشێک لەو ئافرەتانەیە کە بەتەواوی حاڵی نەبوون لە بابەتی فرە ژنی.

فرەژنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دانراوە نەک بۆ دروستکردنی کێشە, لەهەموو دین و ڕێباز و ئایدۆلۆژیاکانی دیکەدا هیچ ڕێگریەک دانەنراوە بۆ فاحیشە و پەیوەندی نادروستی نێوان ژن وپیاو وەک دەیبینین بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاداکە پەیوەندی نادروست لە سنور دەرچووە, ئەمە جگە لەوەی سالانە هەزاران حاڵەتی جۆراوجۆری دەستدرێژی تۆماردەکرێت.

کاتێک ڕەخنە لەهەر بابەتێک دەگیرێت دەبێت بەدیلی زۆر باشتر لای کەسانی ڕەخنەگر هەبێت, وەرن با من بەدیل و جێگرەوەی فرەژنیتان پێبڵێم کە بانگەشەکاران بانگەشەی بۆدەکەن:

گومانی تێدانیە بانگەشەکارانی ئەم بابەتە کە دژی فرەژنی وەستاونەتەوە فکرەکەیان لە ئەوروپا و ئەمریکاوە بۆ هاوردەکراوە بۆیە پێم باشە واقیعی ڕۆژئاواتان بەکورتی بۆ باس بکەم کە بەچ ڕویەکەوە ڕەخنە لەم بابەتە دەگرن!

نوسەر- ڤیکتۆریا, کە دەرچووی زانکۆی جنێڤە و لە سویسرا نیشتەجێیە , توێژینەوەیەکی کردووە بەکورتی ئامارەکانتان بۆ دادەنێم:

- ڕێژەی دەستدرێژی سێکسی لەناو سوپای ژنان لە ئەمریکا ٩٠%

- لە ساڵی ٢٠١٩ لە ئەڵمانیا و فەرەنسا زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکراوە

- لەساڵی ٢٠٢٠ تەنها لە فەڕەنسا حاڵەتەکانی دەستدرێژی بۆسەر ژنان ٢٢٧٧٩حاڵەتی تێپەڕاند

- لەساڵی ٢٠٢١ هەر لە فەڕەنسا حاڵەتەکانی توند و تیژی سێکسی ڕووی لەزیادبوون کرد بەڕێژەی ٣٣% و گەیشتە ٧٦ هەزار حاڵەت

- لە ئەڵمانیا زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی سێکسی دژی ژنان تۆمارکراوە لە یەکێتی ئەورووپا بەڕێژەی ٣٥%

من دەپرسم ئەمە حاڵی ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانەبێت لەزاری خۆیانەوە کە بەحسابی خۆیان لانکەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ژنن , ئایا چۆن ڕخنەو هێرشەکانیان بۆسەر فرەژنی بە ڕەوادەبینی ؟ لەم ئامارانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئەوان (ڕۆژئاوا) و هاو خەمەکانیان لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی تەنها بۆمەرامی خۆیاندا دژی فرەژنی دەوەستنەوە.

فرەژنی بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی موسڵمان وەک چارەسەرێک دانراوە بەتایبەت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بێ هاوسەرن و هاوسەرگیریان بۆقورسە لەبەر هەندێ هۆکار, بەڵام ئەو پیاوەی کە هاوسەری دووەم دەهێنێت دەبێـت لە ڕووی ( مادی و مەعنەوی ) توانی هەێت وپێویستە هیچ جیاوازیەک نەکات لەنێوانیان لەهەموو ڕویەکەوە حەق و مافیان بپارێزێت و جیاوازی نەکات, ئەمە ئەو ڕێگە پێدانەیە کە ئیسلام دایناوە کە دەیان حیکمەتی دیکەی لەپشتەوەیە کە پێویستە لە جێگەو شوێنی خۆیدا بە چڕ و پڕی باسبکرێن.

ئایا پیاوێک لەبەر هەندێک حاڵەت ژنی دووەم بەڕێگەیەکی گونجاو و بەو پەڕی ڕێزگرتن و چونەپێشەوە لەڕێگەی دەیان پیاوماقوڵ و مامۆستا و دابینکردنی ماڵ وپێداویستی تەواو بۆ ئافرەتەکە و وەک شاژنێک لەناو ماڵ و ژیانی خۆیدابێت ئەمە کەمی و نوقسانی و ناشرینیە؟ یان وەک ئەوروپیەک لەسەر جادە بە گوڵێک و بە چەند قسەیەک و درۆیەک پەیوەندی لەگەڵ دروست بکات و لەهەمان کاتیش ژێربەژێر دەیان پەیوەندی بەریەک کەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەسانی ترداهەبێت, وە ئەگەر هاوسەرگیریشە لەگەڵ کرد ئەرک و ئیش و کار بەهەمان شێوەی پیاوەکە لەدەرەوە وەک کارەکەر و لەماڵەوەش ئەرکەکان جێبەجێبکات و نەتوانێت دایکێکی سەرکەوتووبێت؟

**ئایا دەزانیت ئەگەر کچێکی ئەوروپی داوای هاوسەرگیری لێبکرێت خۆی بە خۆشبەختترین مرۆڤی سەر زەوی دەزانێت؟وە زۆر سەرسامی خۆی دەبێت و پێی وایە جیاوازە,چونکە ئافرەتانی ڕۆژئاوا تەنها وەک پەیوەندی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی بەکاردەهێنرێن نەک بۆ دروستکردنی هاوسەرگیری و ژیانێکی هەمشەیی.**

**لەکاتی پەیوەندی خۆشەویستیدا هەموو بەریەککەوتنێک ڕوودەدات و هچ شتێک نامێنێتەوە لە بەها و قەدری یەکدی تا بتوانن ژیانێکی شایستە و پڕواتای لەسەر بونیادبنێن! هەربۆیە ئەگەر کوڕێک داوای هاوسەرگیری لەکچێک بکات لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا ئەوە سەیرترین ڕوداو دەبێت لەژیانی ئەو کچە!**

**ئێستا کۆمەڵگەی فرەژنی جێگای شانازیە یان جێگەی ڕەخنە؟!**

***

---

# گومان (٥٩)

## قورئان دەفەرموویت مرۆڤ بەدڵ بیردەکاتەوە, تا چەند لەگەڵ زانست یەک دەگرێتەوە؟

***

## وەڵـام

سالانێکی زۆرە نەیارانی ئیسلام ئەم قەوانەیە لێدەدەنەوە کەگوایە قورئان هەڵەی زانستی تێدایە,کاتێک لەچەند ئایەتێکدا ئاماژەبەوە دەکرێت مرۆڤ بەدڵ بیردەکاتەوە

بۆنمونە : [دەفەرموویت: (أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) [محمد: ٢٤

ئایا ئەوانە بۆ لە ئایەتەکانی قورئان ڕانامێنن و تێنافکرێن، تا پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن؟بەڵکو قوفڵ لەسەر دڵیان دراوەو، هیچ خێرێکی تێناچێ، بۆیە ئاوا گومڕاو سەرگەردان بوون؟

- الحَج : ٤٦ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ] ئاخۆ هێشتا ئەوانە بەزەوییدا نەگەڕاون؟ [فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا] تا ببنە خاوەن دڵان و ڕاستییەکانی پێ دەرک بکەن؟

- خوای گەورە دەفەرمووێت: (إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ)[ق , بێگومان لەو سەرگوزەشتەی پێشینانەدا، ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوەی دڵ و ژیری هەیە، یان بە باشی گوێڕاگرێ و ئامادەش بێت دڵ و گوێی بداتێ.

لەسەردەمێکدا ڕەنگە وەڵامێکی دروست نەبووبێت بۆ ئەو پرسیارەی کە هیچ بەڵگەیەکی زانستیمان بەدەستەوە نەبوو بەڵام ئەهلی ئیمان یەقینی ئەوەی هەیە کە ئەمرۆبێ یان سبەی زانست خۆی دەیسەلمێنێت کە ئایەتەکانی قورئان بەڵگە و نیشانەی حاشاهەڵنگری خالقی هەموو بونەوەرە.

ئەم جارە قورئان پێمان نافەرمێ، بەڵکو دوژمنانی قورئان خۆیان سەلماندیان کە دڵیش بیر ئەکاتەوە و تەنها مێشك نیە کە بیر ئەکاتەوە, زۆریان گاڵتە بەو ئایەتەکرد، کە بیرکردنەوە تەنها لەرێی مێشکەوەیە نەك وەك ئەوەی قورئان ئاماژەی پێ ئەیات کە دڵیش بیری پێئەکرێتەوە، بەڵام هەمیشە خوا پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی بەخوودی مولحیدەکان ئەسپێرێ، تاوەکو بێ بە بەڵگە بەسەر خۆیانەوە , لە نوێترین توێژینەوە دەرکەوت کە دڵیش وەکو مێشك بیری پێئەکرێتەوە و ئیدراکی خۆی هەیە.

سەرچاوە :

https://www.universityherald.com/articles/58006/20161230/heart-consciousness.htm

https://medium.com/@jenniferchase_45595/your-heart-has-its-own-mind-5d2143d8849

***

# گومان (٦٠)

## ئافرەتان لە وڵاتانی ئیسلامی سەلامەت و پارێزراون یان لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا؟

***

گومان لەوەدا نیە کە لە ئێستادا چەکی دەستی نەیارانی ئیسلام بەکارهێنانی ئافرەتە بۆ لێدان لە ئیسلام, بەبیانوی زوڵمکردن لە ئافرەتان و توندو تیژی جەستەیی و دەروونی و سێکسی.

با بزانین لەدەمی خۆیانەوە و بەپێی داتاو زانیاریەکانی خۆیان ١٠ سەرەکی ترین ووڵات لە جیهاندا کە زۆرترین دەستدرێژی سێکسی تێدا ئەنجام دەدرێت کام ووڵاتانەن؟

بەپێی نوێترین لیستی زانیاری تاوانەکانی دەستدرێژی لەساڵی ٢٠٢٤ دا کە تیایدا ١٠ وڵاتی سەرەکی کە زۆرترین ڕێژەی تاوانی دەستدرێژی سێکسییان هەیە بریتین لەم وڵاتانەی خوارەوە

١ - باشوری ئەفریقا

باشوور ئەفریقیا بە پایتەختی دەستدرێژی سێکسی جیهان دادەنرێت.تەمها لە ساڵی ٢٠٢١دا نزیکەی ١٠ هەزار حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی هەبووە.

٢ - سوید

سوید لە پلەی دووەمی زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی سێکسیدایە، لە ساڵی ٢٠١٥ەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بەرزبووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر لە ٣ هەزار کەس بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی سزا دراون.

**٣ - ئەمریکا**

**لە هەر پێنج ژنێک لە ماوەی ژیانیدا تووشی جۆرێک لە توندوتیژی سێکسی بووە. هەروەها دەستدرێژی سێکسی بۆ منداڵان کێشەیەکی گەورەیە. بەپێی خەمڵاندنەکان، یەک لە هەر سێ مێینێک بۆ یەکەمجار لە نێوان تەمەنی ١١ بۆ ١٧ ساڵیدا دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر.**

**بەپێی تۆڕی نیشتمانی ئەمریکا تاوانی دەستدرێژی و سووکایەتیکردن لە کۆی هەزار حاڵەت تەنها ٣٨٤ حاڵەت تۆمار دەکرێت کەواتە ئامارەکان زۆر زیاترن لەوەی کە تۆمارکراون.**

**٤ - ئینگلتەرا**

**لە ماوەی دەساڵی ڕابردوودا توندوتیژی سێکسی لە ئینگلتەرا و وێلز بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە, لە ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر لە ٦٧ هەزار دەستدرێژی و تاوانی سێکسی تۆمارکراوە، کە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠ بە ڕێژەی ١٣% زیادیکردووە، هەروەها بەرزترین ژمارەی ساڵانەی تۆمارکراوە تا ئێستا,لە هەمان کاتدا ڕێژەی لێپێچینەوە لە تاوانباران دابەزیوە.**

**٥ - هیندستان**

**توندوتیژی سێکسی کێشەیەکی گەورەیە لە هیندستان, لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢١ حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی نزیکەی ٣٣% زیادی کردووە. بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٥٠٪ی حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی لە هیندستان تۆمار نەکراون.**

**٦ - نیوزلەندا**

**ڕێژەی دەستدرێژی سێکسی لە نیوزلەندا بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزیری داد، هەر دوو کاتژمێر جارێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنێک و ئەگەری هەیە لە هەر سێ کچێک, کچێک پێش تەمەنی ١٦ ساڵی دەستدرێژی بکرێتە سەر، بەڵام کەمتر لە ١٠٪ی تاوانە سێکسییەکان بۆ پۆلیس تۆمار دەکرێن.**

**٧ - کەنەدا**

**لە چەند ساڵی ڕابردوودا تاوانە سێکسیەکان لە کەنەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەتەوە.بەڵام لە ٨٠٪ی حاڵەتەکان تۆمارناکرێت, تاوانی دەستدرێژی سێکسی تاکە تاوانی توندوتیژە کە لە کەنەدا کەم نابێتەوە.**

**٨ - ئوسترالیا**

**ئوسترالیا ڕێژەیەکی زۆر زیاتری تۆمارکراوی هەیە لەو ڕێژانەی کە ڕاپۆرتەکان باسی دەکەن بە شێوازێک کە لە ١٠٠ هەزار کەس ٢٨ هەزار کەس ڕووبەروی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە.**

**٩ - زیمبابۆی**

**لە زیمبابۆی هەر ٩٠ خولەک جارێک ژنێک دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر.**

**لە ماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا زیاتر لە ١٥٠٠ حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی تۆمارکراوە و لە کۆی ئەو حاڵەتانە نزیکەی ٨٠٠ حاڵەتیان منداڵانی نێوان ١١ بۆ ١٦ ساڵان بووە, ٢٧٦ حاڵەتی دیکە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ٥ بۆ ١٠ ساڵدا بووە. بەڵام پێدەچێت ژمارەی ڕاستەقینە زیاترە چونکە زۆرێک لە حاڵەتەکان تۆمار نەکراون.**

**١٠ -فینلەندا**

**بەپێی ڕاپرسییەک کە ئاژانسی یەکێتی ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامیانداوە، نزیکەی ٤٧٪ی ژنانی فینلاند تووشی دەستدرێژی سێکسی یان جەستەیی بوون.**

**کارەساتر لەهەمووی ئەوەیە کە لە هەر ١٠ کچێک ، کچێک کە تەمەنیان لەخوار ١٥ ساڵیەوەیە ڕوبەڕووی دەستدرێژی بونەتەوە.**

زیاتر لە ٢٠٪ ئافرەتانی فینلەندا تووشی توندوتیژی جەستەیی و سێکسی بوون لە لایەن هاوسەری پێشوو یان ئێستا. ئەوەی جێگای سەرنجە کەمترینی ڕووداوەکانیش بۆ پۆلیس تۆمارکراون.

سەرچاوە :

https://gazettereview.com/top-10-countries-highest-rape-crime-rates/

# پێرست


- پێشەکی ........................................................................................ ٣
- بۆچی پێغەمبەرمان□□□□ﷺ لەخاکی عەرەبستانەوە دەرکەوت؟ ................................ ٤
- ئایا ئافرەتان ناقساتی ئەقڵن؟ ............................................................ ٥
- ئایا خۆر سوجدە دەبات؟ ................................................................ ٧
- ئایا ئیسلام خوێنڕێژە ؟ ................................................................. ٨
- بۆ ئیسلام لە مەکە و مەدینەوە هات؟ ...................................................... ٩
- خودا شتەکانی لەسەرم نوسیوە ئیتر بۆ سزام دەدا ؟ ...................................... ١٠
- خودا بۆرێگە دەدات خراپە بکەم؟ بۆ وام لێناکات چاکەبکەم؟.............................١١
- بۆچی تەنها مرۆڤ بەم شێوەیە تاقیکراوەتەوە؟ ........................................... ١٢
- ئامانج لە دروستکردنی مرۆڤایەتی و ژیان چیە؟ ........................................... ١٣
- بۆچی یەکێک هەژار و یەکێک دەوڵەمەندە؟ ................................................ ١٤
- بۆچی هەموو موسڵمانێک ناتوانێت بچێتە فیردەوس .......................................... ١٥
- ئەگەر من بەخواستی خۆم هاتومەتە دونیا بۆ لەبیرم نیە؟ ................................. ١٦
- باخودا بەشێوەیەک دروستی بکردمایە تەنها چاکەکار بوومایە .............................. ١٧
- ئایا خۆر بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە؟ .................................................. ١٨
- بۆچی ئیبلیس سەرپێچی خودای کرد؟ ....................................................... ١٩
- بۆچی ئیبلیس سوجدە بۆ ئادەم بەرێت خودا تەنها داوای لەفریشتەکان کرد؟.......... ٢٠
- خودا ئەنجامەکان دەزانێت ئیتر تاقیکردنەوەی مرۆڤ بۆ؟ ................................ ٢١
- ئیسلام چی دەڵێت بۆ تیۆری تەقینەوەگەورەکە؟ ............................................ ٢٢
- چۆن دڵنیابم کە پێغەمبەرمان□□□□ﷺ قورئان لە گاور و جولەکە فێرنەبووە؟ .............. ٢٣
- گرنگترین تەحەدای قورئان ................................................................. ٢٤
- هۆکاری دروست بوونی مرۆڤ چیە؟ .......................................................... ٢٥
- ئایا مولحیدان چۆن زانیان خودا بوونی نیە؟ ............................................... ٢٦
- بۆچی خودا پێغەمبەرێکی تر نانێرێت؟ ....................................................... ٢٧
- بۆچی پێویستمان بە خودا هەیە؟ ........................................................... ٢٨
- بۆچی لەقورئاندا باسی بەفر و دایناسۆر و هتد نەکراوە؟ ................................. ٢٩

- بۆچی خودا مەلائیکەتی نەنارد لەجیاتی پێغەمبەران؟ ...................................... ٣٠
- بۆچی لەجیاتی تەورات و ئینجیل و قورئان,یەک کتاب نەهات؟ ......................... ٣١
- کێ دروستکەری خودایە؟ ................................................................................ ٣٢
- خودا بۆچی یەک دینی نەنارد؟ ......................................................................... ٣٣
- ئایا خودا لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە؟ ......................................................... ٣٤
- بۆچی خودا دۆزەخمان نیشان نادات تا تاوان نەکەین؟ .................................... ٣٥
- ئایا ئازاری سوتان و دۆزەخ ئەو پەڕی بێڕەحمی نیە؟ ........................................ ٣٦
- چۆن بەهەشت و دۆزەخ کۆتاییان نیە کە سەرەتایان هەبووە؟ ........................... ٣٧
- کافرەکان داوای موعجیزەیان کرد بۆچی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ ئەنجام نەدان؟........ ٣٨
- بۆچی قورئان هەندێک ئایەتی هەڵوەشاوەتەوە؟ ............................................ ٤٠
- بۆچی زۆرترین ڕەخنەو چاوەکان لەسەر ئیسلامە؟ ........................................... ٤١
- تاوانی ئەو منداڵە چیە کەلە ناو کافران گەورەدەبێت؟ ...................................... ٤٣
- بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشکەوتوون و وڵاتانی ئیسلامی دواکەوتوون؟ .................... ٤٤
- قورئان دەفەرمووێ خۆر لەچاڵێکی قوڕدا ئاوادەبێت؟ ........................................ ٤٦
- بۆچی حوکمی مورتەد کوشتنە؟ ...................................................................... ٤٧
- بۆچی تەنها ئەبوهورەیرە ٥٣٧٤ حەدیسی گێڕاوەتەوە؟ ....................................... ٤٨
- ئایا ئیسلام بەهێزی شمشێر بڵاوبوەتەوە؟ ........................................................ ٤٩
- ٧٢ حۆری بۆ پیاو ئەی چی بۆ ئافرەت؟ ............................................................ ٥٠
- چۆن دڵنیابم ﷺ خۆی نوسەری قورئان نیە؟ .................................................. ٥٢
- بۆچی ئافرەتان زۆرینەی ئەهلی ئاگرن؟ ............................................................. ٥٤
- ئایا ئیسلام لەقەیراندایە؟ ................................................................................ ٥٦
- ئایا موسڵمانان بەردێکی ڕەش دەپەرستن؟ ......................................................... ٥٧
- بۆ تاوانێکی کاتی سزایەکی هەمیشەیی دادپەروەریە؟ ........................................ ٥٩
- بۆچی مۆسیقا حەرامە؟ ...................................................................................... ٦٠
- بۆچی هەستی زەبونی و ترسان لکێنراوە بە ئیسلامەوە؟ ...................................... ٦١
- ئایا باڵانسی هێز ئیسلامی هێشتوەتەوە؟ ............................................................ ٦٢
- موسڵمانان چی داهێنانێکیان کردووە؟ ............................................................... ٦٣
- تاوانی منداڵ چیە کەتاقیدەکرێتەوە بە ناخۆشی ............................................... ٦٦
- بۆچی لەناو گۆڕ سزاهەبێت کاتێک لەقیامەت حساب دەستپێدەکات؟! ......................... ٦٧

- بۆچی حەج هەرساڵێک لەوڵاتێکی ئیسلام ناکرێت تاداهاتەکەی بۆهەمووان بێت؟ ........... ٦٩
- ئەگەر دوای مردن زیندوو بونەوە نەبوو چی؟! ...................................................... ٧٢
- خودا دەتوانێت خۆی بکوژێت؟ ........................................................................ ٧٤
- بۆچی زۆرترین ڕەخنە لەفرە ژنی دەگیرێت؟ ......................................................... ٧٥
- ئایا مرۆڤ بە دڵ بیردەکاتەوە؟ ....................................................................... ٧٨
- مافی ئافرەت لە وڵاتانی ئیسلام پارێزاوە یان لە ڕۆژئاوا؟ .............................................. ٨٠
- پێرست ............................................................................................... ٨٤